# کاکیلۆ ( میری کوردستان )

# یان ساختەکارێکی ناسراوی جیهان



ئامادەکردن و وەرگێڕانی :

پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

زانکۆی سلێمانی ٢٠١٨

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە خاتوونی بەڕێز و خۆشەویست

یاسەمین سەعید ئەلبوستانی

# پێشەکیی

خوێنەری ئازیز، ئەم بەرهەمەی بەردەست زادەی ڕێکەوتە،وەك عەرەبیش دەڵێت (رب صدفة خير من الف ميعاد) . چیرۆکی ئەم بابەتە ئەو ساتە دەستیپێکرد کە ڕۆژنامە کۆنە ئینگلیزییەکانی ئەرشیفی نیشتیمانیی بریتانییم هەڵدەدایەوەو لەناکاو، کەوتم بەسەر بابەتێکدا، کە باس لە کەسێك دەکات ناوی کاکیلۆ (میری کوردستان)ی لەخۆی ناوەو بەتۆمەتی ساختەکاریی لەبەهاری ساڵی ١٩٢٣دا، لە لەندەن دادگایی کراوەو بە شەش مانگ زیندانیی و سنورداشکردنەوە سزادراوە.!

لەراستییدا ئەم هەواڵەم بەلاوە سەیر بوو، چونکە کوردستان لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە، میرایەتیی لیَ هەڵگیراوەو جگە لەهەندێك لەنەوەکانی بەدرخانییەکان، وەك عەبدولڕەزاق و کامەران، کەسی تر نازناوی میری بۆ بەکارنەهێنراوە، پاش خوێندنەوەی هەواڵەکە، پێموابوو ئیدی ناوی ئەم کەسایەتییە نایەتەوە، بەڵام هەرزوو پێچەوانەی پێشبینییەکەم، ئەم هەواڵی گرتنە، دەرگای لەسەر نووسینی چەندین بابەتی جیاوازو سەرنجڕاکێش لەرۆژنامە بریتانیی و دواتر ئەمەریکیی و فەرەنسیی و ئەڵمانیی و ئەستۆنیی و فینلەندیی عەرەبیی..هتد، لەسەر ئەم کەسایەتییە کردۆتەوەو بەدرێژایی ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی، تاوناتاویَ ئەو رۆژنامانە باس و خواسی کاکیلۆو کارە ساختەکارییەکانی و قۆڵبەستکردن و سنورداشکردنەوەکانی پەیتاپەیتا رادەگوێزن!



بەمشێوەیە، کاکیلۆ (میری کوردستان)، مەزنە شازادەی ساختەکارانی جیهان، بۆماوەی بیست ساڵی رەبەق (١٩٢٢-١٩٤٢)، بۆتە وێردی زمانی بابەت و هەواڵی رۆژنامە جیهانییەکان. لەوەش زیاتر، کاکیلۆ، لەکاتی دادگاییکردنەکان و سنورداشکردنەوەکانیدا، باسی کوردو کوردستانی هێناوەتەئارا، گوایە بە نوێنەری خەڵکی کوردستان خەریکی چاوپێکەوتنە لەگەڵ گەورەپیاوان و دەچێتە کۆنفرانسە جیهانییەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان و زیندووکردنەوەی پاشایەتیی و پشتگیرییکردنی گەلی کورد لەخەباتیدا دژی تورکان و دۆخی دابەشکردن و لەپێناوی ئازادیی و سەربەخۆیی!

بابەتێکی وا، کە بۆتە هۆی وروژاندنی چەندین پرسی جیاواز، وەك ئەوەی : کوردستان لەکوێیە؟! ئایا کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆیە؟! ئایا کوردستان سیستمێکی پاشایەتیی بەخۆ بینیوە؟!! ئایا بەڕاست کاکیلۆ (میری کوردستان)ە!!

لەوەش زیاتر کاکیلۆ بەناوی (میری کوردستان)ەوە، هەر پایتەختی وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپاو ئەمەریکای تەی نەکردووەو شەوانی سوری لەهۆتێلە کەشخەو گرانبەهاکانی ئەو پایتەختانە بەسەرنەبردووەو بەو ناوەوە ژنە قژکاڵ و نازدارە ئەوروپییەکانی رام نەکردووە! بەڵکو بەناوی (میری کوردستان) ەوە، سەردانی کۆشکی سپی کردووەو بۆتە میوانی سەرۆك هاردینگ و خانمی یەکەمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا!!

لەلایەکی ترەوە، دەتوانم بڵێم کە بابەتێکی وا، بە بەتەواویی لە خەڵکی خۆمان و تەواوی بایەخدارانی مێژووی کورد، شاراوەبووە، ئەوەش

ئاساییە چونکە لەبنەڕەتدا بابەتێکی (مێژوویی) نییە، بەلام ناتوانرێ بوترێ کە بابەتێکی کەم بایەخە و شایەنی بەدواداچوون نییە!

هەربۆیە، قۆڵم لێهەڵماڵی و بەوردیی وەدوی بابەتەکان و ئەو بڵاوکراوانە کەوتم کە سەبارەت بە کاکیلۆ(میری کوردستان) زانیارییان بڵاوکردبۆوەو نێوەرۆکی هەموویانم بە وێنەو رۆژی بڵاوکردنەوەو بەشێوەی زنجیرەیی لەدووتوێی ئەم کتێبەدا بڵاوکردۆتەوە، بەوەش ئەمە نەك یەکەمین کارە لەسەر کاکیلۆ (میری کوردستان) کە بەزمانی کوردیی بڵاوبکرێتەوە، بەڵکو یەکەمین کارە لەجیهاندا بەم شێوەیە، تەواوی ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوانە لەمیدیای ئەروپییدا لەسەر ئەم ساختەکارە جیهانییە کۆبکاتەوەو بیخاتەبەرچاو، بێئەوەی شانۆنامەکەی خاتوو (ماریا جۆتونی) مان بێبایەخ گرتبێ کە لەساڵی ١٩٣٢دا، بڵاوکراوەتەوە.

شایەنی باسە، لەهەر قۆناغێکی مێژوویدا، بەبۆنەی رووداوێکی تایبەت و جیاوازەوە، ناوی کوردو کوردستان، لە میدیا و رۆژنامەکانی ئەوروپییدا بڵاوکراوەتەوە، لەم بارەشەوە، جێگای، سەرسوڕمانە، لەقۆناغی نێوان هەردوو جەنگدا، وێڕای ئەو هەموو بزوتنەوەو جوڵانەوە چەکداریی و سیاسییانەی لە کوردستان دژی داگیرکەری هەرێمیی و بێگانە ئەوروپییەکان روویان داوە، کەچی ناوی (کوردستان) زیاتر بەهۆی کاکیلۆی ساختەکارەوە لە رۆژنامە ئەوروپییەکاندا ناسێنراوە!

خوێنەری ئازیز، ئامانجی ئەم کارە گێڕانەوەی چیرۆکێکی نەگێڕاوەیە، ناساندنی نەناسراوێکە کە ناوی (کوردستان)ی بەخوێنەرانی رۆژنامە ئەوروپییەکان ناساند! کارێکی فرە ماندوکەربوو، بەڵام پڕچێژبوو!

## (میرە سزادراوەکەی کوردستان) یان چیرۆکێکی سەمەرەی ساختەچێتیی

ڕۆژنامەی (THE CITIZEN)ی بریتانی، لەبەرواری ١٣ی نیسانی ١٩٢٣ دا، چیرۆکێگی سەیری سەبارەت بە کەسێك گێڕاوەتەوە بەناوی (محەمەد سەعید کاکیلۆ)، ئەم کابرایە لە لەندەن بەتۆمەتی ساختەکاریی و هەڵخەڵەتاندن خراوەتە بەردەم دادگا و لێکۆڵەری گشتیی (مستەر لاوری) و دواتر بە شەش مانگ زیندانی سزا دراوە...

چیرۆکی ئەم کابرایە زۆر ناوازەیە، هەستاوە لەفەرەنساوە چۆتە لەندەن و لەوی ڕاست لە ١١ی مانگدا چۆتە هۆتێل ساڤۆی، بێئەوەی هیچ جانتاو کەلوپەلێکی هەڵگرتبێت، کاکیلۆ ناوی ڕاستینەی خۆی نەداوەو بە (میری کوردستان) خۆی ناساندووەو وتویەتی : جانتاو کەلوپەلەکانم لای میرزاکەیەتی بۆی دێنی و داوای کردووە جەناحیکی زۆر ڕاقی بۆ دابینبکەن بە خواردنی خۆشەوە..

پاش شەو و ڕۆژێك حەوانەوە، کاتبی هۆتێلەکە داوای پارەی خەوتن و خواردن و جگەرەی لێکردووە، ئەمیش وتویەتی ئیستا پێم نیە، ئەوە ئیمزایەکت بۆ دەکەم یەك ملیۆن دەژی!! ئنجا خستویانەتە ژورێکی بچووکەوەو ئەو شەوەش لەوێ خواردویەتی و خەوتووە..

دوای دوو ڕۆژ واتە لە١٣ی مانگ، میرەکەی کوردستان ئەوێی جێهێشتووەو چۆتە هۆتێلی هاید پارك و لەوێ خۆی وەك باڵیۆزی تورك ناساندووەو ٢٠ پاوەندی لە بەڕێوەبەری هۆتێلەکە قەرز کردوەو ئنجا سەردانی کۆمپانیای دیملەر



هایری کردووەو ١١ ڕۆژ بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆی کردوە بێئەوەی سەنتێك بدات !!

میستەر تۆماسی خاوەن هۆتێلی هاید پارك وتویەتی : ئەم کابرایە خۆی وا ناساندووە کە خاوەنی وڵاتێکە بەناوی کوردستان، ئەو وڵاتەی کە ئەگەر لە تورکان بسەنرێتەوە ئیدی شتێك لە ئاسیای بچووك بەناوی تورکیاوە نامینێتەوە!!

میستەر ئیرنست هیڵ ئەفسەری لێکۆڵەر وتویەتی کە کاتێك ئەم پیاوەمان دەستبەسەر کردووە وتویەتی من میری کوردستانم و پیاوێکی بەڕێزو ناسراوم، هەروەها کە پشکنویانە نێزیك بە ١٢ پاوەندی پێ بووە..

هەروەها ئەو بە قورئان سوێندی خواردووە کە پیاوێکی خانەدان و ناسراوەو بڕواشی بە ئاین هەیەو دەزانێ هەرکەس پارەی قەرزی کەسێکی تر بخوا گوناهی دەگا! دواجار کەوتوتە گێڕانەوەی سەرگوزشتەو سەجەرەی خێزانەکەی و خۆی بۆ فیرعەونەکان و فەرمانڕەوایانی کۆنی بابل گەڕاندۆتەوە!!

مستەر لاوری بەپێکەنیەوە وتویەتی : کاکەگیان تۆ بۆ چویتەتەوە بۆ ٤٠٠٠ ساڵ پێشتر و با کەمێك بگەڕێینەوە قۆناغی هاوچەرخ..

کاکیلۆ وتویەتی : هاتووم بۆ لەندەن بۆ بینینی حکومەتی بریتانی و سەردانی سکرتاریەتی میستەر کیرزن و بەتەماین کار بۆ دامەزراندنەوەی پاشایەتیی لە کوردستان بکەین..

لاوری : ئەی باشە کێ قەرزەکانت دەداتەوە؟!

کاکیلۆ: لە دەسەلاتی باڵای پاشایەتییەوە بۆمی دەنێرن!!

میستەر کلارك: ئەی باشە ئێستا ٥٦ پاوەنت پێ نیە بیدەیتەوە بە قەرزەکەت؟!

کاکیلۆ: نەخێر بەڵام لەوڵاتەکەی خۆم نزیك بە ٥٦ ملیۆن پاوەنم هەیە!
لاوری بەگاڵتەوە پێی وتوە باشە کە تۆ ئیدیعای ئەوە دەکەی نەوەی فیرعەونەکانی بۆچی لە توت عەنخ ئامونەوە شتێك پارەت بۆ نەهاتووە؟!!
کاکیلۆ وتویەتی: بڕۆ رۆژنامە بخوێنەوە بزانە هاتووە یان نا...لاوری وتویەتی: مەگەر لە تابوتە مومیاکراوەکانەوە نێردرابێ!!
سەعید کاکیلۆ وتویەتی حەزدەکەم لورد کیرزن و کۆلینێل وێگوود بانگێشت بکەن بەڵام بەداخەوە دیار نین..
دواتر لێکۆڵەر ئاشکرای کردووە ئەم کابرایە قسەکانی ناچنەوە سەر یەك و بۆخۆی وتویەتی گوایە باوکی ناوی عەبدول حەسەنە کە لەشەڕدا لەگەڵ تورکاندا کوژراوە، دوای دەرکەوتووە کە لە مەسەلەی دەرهێنانی فیلمێکی سینەمایش تێوگلاوە ٤٥٠٠ پاوەنی وەرگرتووەو ژنێکی ئەمریکیشی هێناوەو لەئەمەریکا بەهۆی قەرزاریی رۆیشتوەو هەروەها لە فەرنساش قەرزارە!!
دواجار سەعید کاکیلۆ بەتۆمەتی ساختەچیتیی بۆماوەی ٦ مانگ زیندانی کرا و میستەر لاوری داوای دیپۆرتکردنەوەی کردووە!!




THE CITIZEN, FRIDAY, APRIL 13, 1928.

BLINKHORN'S
SPECIAL APRIL OFFERS
COTTON FABRICS
NEXT WEEK IS
STAR VALUE WEEK.
Blinkhorn Ltd., Eastgate Street, Gloucester.

J.P. Super Lawn Mower
£5 for an Idea
COMPETITION
ART STUDENTS
COVER DESIGN
LAWN MOWER
NEW LAWN MOWERS
A. LISTER & Co. Ltd. GLOUCESTER

FACTORY UNLOADS STOCKS!
H. SAMUEL
NUDGE IT!
GLOUCESTER

SPRING FASHIONS
GOWNS, WOOLLEN DRESSES
SUITS and THREE-PIECE GARMENTS
DAY & EVENING GOWNS
Prices 3 to 8 Gns.
Herberts
GLOUCESTER

OUTFITTER HATTER
RONALD E. GURNEY
TAILOR GLOUCESTER HOSIER
The advice of a REAL Tailor.
FOLLOW IT.

W. C. MATTHEWS & Co.
Have you Seen
STAITE'S FURNITURE MARKET!
Barton Street, GLOUCESTER.
H. E. STEEL Ltd.
WOLSELEY CARS
STEEL'S GARAGES

**دیسانەوە هەواڵی (میرەکەی کوردستان) محەمەد سەعید کاکیلۆ!**

سەبارەت بەناو (میرەکەی کوردستان) کە لە لەندەن بۆ تۆمەتی ساختەچێتیی بۆماوەی شەش مانگ خرابووە زیندانەوە، رۆژنامەیەکی تری بریتانی بەناوی ( THE LEEDS MERCURY) لە ٩ی نیسانی ١٩٢٣ هەواڵەکەی راگواستووە بەناونیشانی: (کەفالەت بۆ ئەو (میرە) کوردەی کە دەیویست لۆرد کیرزن ببینێت)..
ئەم رۆژنامەیە باسی لەوە کردووە کە محەمەد سەعید کاکیلۆ تەمەنی ٢٧ ساڵەو لە دادگاکەی شەقامی مالبۆرۆ بەتۆمەتی ساختەکاریی و نەدانی پارەی پسولەی هۆتێلەکان شەش مانگی زیندانی بۆ بڕواەتەوە..
ئەو وتی : بە ئەرك و پەیامیکی تایبەت هاتووم تاکو حکومەتی بریتانی ببینم و سەردانی سەفارەتی دەرەوەشم کردووە بۆ بینینی لۆرد کیرزن..
دادوەر: زۆر باشە، دەتوانی لۆرد کیرزن یان هەر کەسیکی دیکەت پێ خۆشە وەك گەواهیدەر بانگی بکەی بۆ ئێرە!

کاکیلۆ: من هێشتا چاوم پێی نەکەوتووەو پێویستە بیبینم تا لەبارەی وڵاتەکەم و خێزانەکەمەوە قسەی لەگەڵدا بکەم، چوومە لای سکرتێرەکەی پێی وتم کە دەبێت نامەیەکی بۆ بنووسی بۆ ئەوەی رەزامەندنیی بۆ بینینت دەربڕێ..



restrictions which retailers are, by the same automatic means, endeavouring to overcome.

## BAIL FOR "PRINCE."

### Kurd Who Wanted to See Lord Curzon.

A desire to see Lord Curzon was expressed by Mohamid Kakelo, aged twenty-seven, self-styled "prince of Kurdistan," who was charged on remand at Marlborough-street Police-court, London, on Saturday with fraudulently obtaining credit from an hotel.

"I came here," he said, "on special mission to see the British Government. I have been to State Department to see the Lord Curzon——"

Magistrate: Very well; you can call Lord Curzon as a witness or any other person if you desire.

Prisoner: I have not seen him. I have been over there to see about my country and my family. I have gone over to the Lord Curzon; his secretary told me I ought to write to him to make appointment.

He was committed for trial on bail.

# سەعید کاکیلۆ داوای چاوپێداخشانەوەی سزاکەی کردووە!

لە رۆژنامەی (PALL MALL GAZETTE) کە لە ١٠ی جولای ١٩٢٣، بڵاوکراوەتەوە، وادەردەکەوێ کە سەعید کاکیلۆ بەو سزایە رازی نەبوویێت کە دادگای لەندەن بەسەریدا سەپاندوویەتی، چونکە وەك ئەو دەریخستووە، دەزگای ئیدعای گشتیی نەیتوانیوە بەتەواوی مەسەلەی بێگانەبونەکەی لەوە جیا بکاتەوە و مەسەلەکە وەك تاوانێکی جینائی وەرگیراوە! لەراستیدا خودی دادگاش کەوتۆتە گومانەوە لەدروستی بڕیارەکەی بۆ سزادانی کاکیلۆ ، بەتایبەت داوای سنورداشکردنەوە کە ئیشی ئەو دادگایە نیە... لەوەدەچێت، سەعید کاکیلۆ، لەسۆنگەی ئەوەوە کە خۆی بە (میری کوردستان) ناوزەد کردووە ، چاوەڕیی ئەوە بووبێ کێشەکەی رەوانەی دادگای لاهای بکرێ!!





TUESDAY, JULY 10, 1923. PALL MALL GAZETTE.

**"PRINCE OF KURDISTAN."**

**SUCCESSFUL APPEAL ON MINOR POINT.**

The Court of Criminal Appeal, consisting of Justices Sankey, Salter, and Swift, to-day gave their considered judgment in the appeal of Yendecheno, Mohamid Saide Kakelo, who styled himself the Prince of Kurdistan, against his conviction for making a false statement under the Aliens Registration Act, and an order for deportation at the London Sessions. A sentence of six months in the second division passed on Kakelo for obtaining credit by fraud from the Savoy and Hyde Park Hotels has already been confirmed by the court.

Mr. Justice Sankey said Kakelo appealed on the ground that the prosecution had not proved that he was an alien. The court thought the onus was upon him to prove that he was not an alien; but they were of opinion that the offence of falsely registering as an alien had been treated as an indictable offence, both before the magistrate and the Sessions, when it was not an indictable offence, but one to be dealt with summarily. Consequently the conviction for failing properly to register would be quashed, but the court could not interfere with the recommendation for deportation, which was passed, with the sentence of imprisonment, for obtaining credit by fraud. The sentence would be reckoned as from June 4.

© Successor rightsholder unknown. Please contact us via support@britishnewspaperarchive.co.uk if you wish to claim rights to this title.

**دادگاکەی لەندەن داواکەی (میرەکەی کوردستان)ی بۆ پێداچوونەوە پەسەندکرد!**

ڕۆژنامەی (THE BOSTON GARDIAN) ی بریتانی لە١٤ی جولای ١٩٢٣دا هەواڵی پەسەندکردنی داوای سەعید کاکیلۆی (میرەکەی کوردستانی) بۆ پێداچوونەوە پەسەند کردووە، بەڵام بڕیاری دیپۆرتکردنەوەکەی ئەرێ کردووە...


school, were [illegible]

Two lads, summoned for doing damage to a certain elm tree, the property of Lord Bristol, on the 18th ult., were cautioned and fined 1s. each.

Judgment was given in the Court of Criminal Appeal on Tuesday in the appeal of Yendecheno Mohamid Saido Kakelo, "Prince of Kurdistan," against his conviction for making a false statement and against an order for deportation. The Court allowed the appeal against the conviction, but upheld the order for deporta-



**ڕۆژنامەی (SHEFFIELD DAILY TELEGRAPH) جەخت لە سزادانی کاکیلۆی (میری کوردستان) دەکاتەوەو زانیاریی زیاتر بلاو دەکاتەوە..**

پێویستە بوترێت، کە باس وخواسی محەمەد سەعید کاکیلۆ کە خۆی بە (میری کوردستان) ناساندووەو لەلایەن دادگای لەندەنەوە لەسەرەتای بەهاری ١٩٢٣دا دادگایی کراوە، بۆتە وێردی زمان و بابەت و باسی زۆربەی ڕۆژنامەکانی بریتانیا، ئەم ڕۆژنامەیەش، وەك ڕۆژنامەکانی تر، ئەم باسەی وروژاندووەو لە ١٣ی ئەپرێلی ١٩٢٣دا، بابەتێکی بەناونیشانی : "ملیۆنەها لەکیسچووەکانی ..میرەکەی کوردستان ڕەوانەی زیندان کرا" نووسیوە کە، تێیدا چیرۆکی گرتن و دادگاییکردنەکەی کاکیلۆی دووپاتکردۆتەوەو هەندێك زانیاری تریشی خستۆتەسەر، بەوەی کە میرەکە کەسێکی ریکپۆشی شیرین رووخسار بووە کە چاکەتێکی درێژی جێنتڵمانانەی لەبەردابووەو شەپقەیەکی ئاوریشمی لەسەر کردووەو بڕێك پسولەی زۆری ئۆتێلە بەناوبانگەکانی لەگیرفاندا بووەو کە چۆتە هۆتێل ساڤۆی داوای باشترین شوینی خەوتن و حەوانەوەی کردووە...

ئەفسەری لێکۆڵینەوەی میستەر هیل ئەوەی درکاندووە کە قسەکانی کاکیلۆ سەبارەت بەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سکرتارییەتی میستەر کیرزن هەبووە سەبارەت بە زیندووکردنەوەی سیستمی پاشایەتیی لەکوردستان قەناعەتپێکەر نەبووە بۆ دادگا چونکە لەبنەڕەتدا لە کوردستان پاشایەتیی نەبووە!!!!!

هەروەها میستەر هیڵ ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە کاکیلۆ لە کاری بەرهەمهێنانی فیلمەوە تێوەگلاوەو ژنێکی ئەمەریکی هەبووەو لەئەمریکاو لەفەرەنساش قەرزاربووە..

میستەر هیڵ وتویەتی کە لە دانیشتنی دووەمدا، دادگا کاکیلۆی وەك تاوانکار ناساندووەو بە شەش مانگ زیندان و دیپۆرتکردنەوەی سزای داوە!



TURKISH "PRINCE" CHARGED WITH FRAUD.

A young man named Zendecheno Mohamid Saide Kakelo, describing himself as a "Prince of Kurdistan," was remanded on bail of £1,000 at Marlborough-street Police Court on Saturday charged with fraudulently obtaining £23 18s 7d from Henry Thomas, manager to the Hyde Park Hotel. Kakelo was dressed in a silk hat and frock coat and spats. He wore a gold wristlet watch.

Kakelo informed the Court that he told Mr. Thomas he came from Paris and showed him his passport. He also said he had a cheque for 10,000 dollars in Paris.

Mr. Thomas—Not to me.

Mr. Thomas added that defendant gave no notice that he was leaving the hotel. He advanced Kakelo £20 on the 17th of the month and guaranteed a motor-hiring account amounting to £21 1s 3d.

Kakelo, when remanded on bail, was ordered to find one surety of £500.

The Magistrate requested Inspector Hill to call at the Turkish Embassy, explain that one of their subjects had been arrested, and that he said he was of high rank, undefended, did not understand our procedure, and spoke English with difficulty.



**سەبارەت بە کاکیلۆی (میری کوردستان)، دادگاکەی لەندەن داوای روونکردنەوە لە باڵیۆزخانەی تورکیا دەکات**

بەگوێرەی هەواڵێکی رۆژنامەی ( LONDON DAILY SENTINEL ) کە لەژێر ناونیشانی :( میرە تورکەکە بۆ تۆمەتی ساختەچێتیی تاوانبارکرا)، باسی لەوەکردووە کە ئەو پیاوە گەنجە کە ناوی (زێندیچینۆ محەمەد سەعید کاکیلۆیە)و خۆی وەك (میری کوردستان ) ناساندووە، شەممە بەتۆمەتی ساختەچێتیی تاوانبار کراوە، ئەم پیاوە ٢٠ پاوندی لە هێنری تۆماسی بەڕێوەبەری ئۆتێل هاید پارك وەرگرتووە، کاکیلۆ شەپقەیەکی ئاوریشم لەسەرو و چاکەتێکی جێنتڵمانی لەبەرو و سەعاتێکی ئاڵتونیی لەدەستدا بووە.!!

بەپێی هەواڵەکە، کاکیلۆ بە دادگای راگەیاندووە، کە بە هێنری تۆماسی وتووە کە لەپاریسەوە هاتووەو پاسپۆرتەکەشی پێشانداوەو ئەوەشی پێ وتوە کە چەکێکی ١٠٠٠٠ دۆلاری هەیە لە فەرەنسا..

تۆماسیش راگەیاندووە، کە کاکیلۆ پێی نەوتووە کە ئۆتێلەکە جێدەهێڵێت!

دواجار، دادگا داوای لە میستەر هیڵی تایبەت بەلێکۆڵینەوە کردووە پەیوەندیی بکەن بەباڵیۆزخانەی تورکیاوە بزانن چ زانیارییەکیان لەسەر ئەم رەعیەتەی خۆیان هەیە کە بە ئینگلیزیی قسان دەکات!



محەمەد سەعید کاکیلۆ(میری کوردستان)



**باڵیۆزخانەی تورکیا تیشکی زیاتر دەخاتە سەر کەیسەکەی سەعید کاکیلۆ!**

بەگوێرەی هەواڵێك كە لەرۆژنامەی (THE COURIER) بریتانییدا لە ٢٦ة مارتی ١٩٢٣دا، لەژێر ناونیشانی : سزای ساختەكاریی بەسەر (میرە) توركەكەدا، بڵاوكراوەتەوە، جگە لەگێڕانەوەی چیرۆكی گرتن و سزادانی ئەو گەنجە پیاوە، زانیاری داوە، كە باڵیۆزخانەی توركیی میستەر هیڵی دادوەری لیكۆڵینەوەی دادگاكەی لەندەنی لەوە گەیاندووە كە راستە لەكوردستان بنەماڵەیەكی خانەدان بەناوی كاكیلۆوە هەیە، بەڵام ناتوانین ئەوە بسەلمێنین كە داخۆ ئەو پیاوەی بەناوی سەعید كاكیلۆوە گیراوە، ئەندامێكی ئەو بنەماڵەیە یان نا...


THE COURIER, MONDAY, MARCH 26, 1923.

ESPARTO PAPER MILLS LTD.

ERROL PARISH CHURCH CHOIR.

CARMYLLIE HEADMASTER'S PLAY.

STONEHAVEN BANKER DEAD.

LETTERS TO EDITOR.

FRAUD CHARGE AGAINST TURKISH "PRINCE."



**(میرەکەی کوردستان) ئامادە نەبووە لەدادگادا دابنیشێت و ئینگلیزییەکەشی دوکەڵیی کردووە!**

هەر سەبارەت بە زانیاریی لەبارەی (میری کوردستان) محەمەد سەعید کاکیلۆ، رۆژنامەی بریتانی ( LEEDS MERCURY) لەهەواڵێکی تایبەتی خۆیدا لەمارتی ١٩٢٣، بەناونیشانی : (میرێك) لە کوردستانەوە...چیرۆکی گرتنەکەی کاکیلۆی بڵاوکردۆتەوەو ئەوەشی خستۆتەسەر کە کاکیلۆ ١٣ی مانگی مارت گەیشتۆتە هۆتێلەکەو وتویەتی بە کەشتی ( Majestic) هاتووەو سکرتێرەکەشی لەگەڵ جانتاکانی بە کەشتییەکی تر هاتووە. کاتێکیش بەڕێوەبەری هوتێلەکە لە ١٦ی مانگ داوای پێدانی پارەی ئەو پسوڵانەی کردووە کەداوێتی بە کاکیلۆ، ناوبراو نەیوتوە نایدەم بەڵکو بەکردار هیچ بەدەمییەوە نەچووە، هەروەها کاکیلۆ لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا گوێی بەقسەی دادوەر نەداوە کە داوای لێکردووە دابنیشێت و هەر بە پێوە وەستاوە!!

دواجار میستەر هیڵ لەسەر داوای دادوەر پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی تورکییەوە کردووەو سەبارەت بە کەسێکی ئاوا پرسیاری لێکردوون، کە رێورەسمی دادگایی بریتانی تێناگات و بە زەحمەتیش ئینگلیزیی قسان دەکات، ئەوانیش بوونی بنەماڵەیەکی خانەدانیان بەناوی کاکیلۆ سەلماندووە،بەڵام بێئاگایی خۆیانیان دەربڕیوە کە سەعید ئەندامێکی بنەماڵەی کاکیلۆ بێت لە تورکیا.



that her baby was dead.
A doctor was summoned, and certified that death was probably due to drowning.
It is understood that the mother, in a statement to the police, expressed the opinion that her child must have fallen off her knees, head foremost, into the bath.

## FRAUD CHARGE AGAINST TURKISH "PRINCE."

### TOLD HOTEL MANAGER HE WAS WORTH UNTOLD WEATH.

A young man named Zendechene Mohamid Saide Kakelo, describing himself as a "Prince of Kurdistan," was remanded on bail of £1000 at Marlborough Street Police Court, London, on Saturday charged with fraudulently obtaining £23 18s 7d from Henry Thomas, manager to the Hyde Park Hotel.

Mr Thomas said defendant arrived at the hotel on March 13 without luggage. On March 16 witness asked him where his luggage was, and he said it was coming on. He also said that his secretary had gone astray with it, or probably had run away with it. He was a Prince of Kurdistan, and worth untold wealth.

Witness believed his story, and extended his credit until March 20, when his account amounted to £23 18s 7d. Witness then had an interview with him over a private matter, and Kakelo then left the hotel without paying his account and did not return.

Mr Thomas added that defendant gave no notice that he was leaving the hotel. He advanced Kakelo £20 on the 17th of the month, and guaranteed a motor-hiring account amounting to £21 1s 3d.

Inspector Hill said he had made inquiries at the Turkish Embassy and found that they knew of a noble family of the name given by defendant, but they did not know whether defendant belonged to that family.

Kakelo, when remanded on bail, was ordered to find one surety of £500.

## INQUIRY INTO SCOTTISH PRIVATE BILLS.

The Chairman of Committees of the House of Lords and the Chairman of Ways and Means in the House of Commons have appointed Lord Belhaven and Stenton, Lord Meston (chairman), Mr James Brown, M.P., and Sir Samuel Chapman, M.P., as Commissioners for the purpose of inquiring as to the propriety of making and issuing the following Provisional Orders:—Glasgow Corporation, Airdrie, Coatbridge, and District Water Board, Greenock Corporation, Buchanan Trust, North Berwick (Links and Burgh Extension).

The inquiry will open on 10th April at Glasgow, where the first four Orders will be taken. The Commissioners will then proceed to Edinburgh, where the fifth Order will be heard.

## COALTOWN OF WEMYSS MINER AND

Anstora.
ie — "The Intrusion of Nancy" —
eath, by Arbroath amateur artistes.
Nancy Burns, the farmer's daughter);
S. Mollison (the Dressmaker); and

## USICAL COMEDY STAR'S WEDDING.

### IR ERIC GEDDES PROPOSES BRIDE'S HEALTH.

wedding of Miss Nancie Lovat, the
al comedy star, and Mr Cecil Lang-
the Epsom racehorse trainer, at St
ba's Church, Pont Street, on Satur-
was notable for the presence of three
binet Ministers, Sir Eric Geddes, Sir
r Greenwood, and Mr Edward Shortt,
s many stage celebrities. Dr Archi-
Fleming officiated.
bride, in a gown of white crepe
ain with silver embroideries with two
il trains, and a veil of Brussels lace,
iven away by her uncle, Mr David
. Her three bridesmaids, Miss
ce Wray, the comedy actress; Miss
Lovat, her sister; and Miss Fezan,
frocks of white faille over petticoats
. Their hats were in the new shade
ood green. Mr Geoffrey Barrow was
nan.
Eric Geddes and Sir Hamar and Lady
wood were among those who signed
gister, and Sir Eric proposed the
of the bride at the reception at the
Crescent Hotel.

## RATHKINNESS BOY SCOUTS' ENTERTAINMENT.

e was a large audience at an enter-
nt given on Friday by the 29th Fife
kinness) Troop of Boy Scouts and



**(میرەکەی کوردستان) لە کۆشکی سپییەوە هاتووە!**

بەگوێرەی بەڵگەنامەو هەواڵ و زانیارییەکان، محەمەد سەعید کاکیلۆ پێشتر لەگەڵ ژنەکەیدا سەردانی کۆشکی سپیان کردووەو چاویان بەسەرۆك کەوتووە، لەم بارەیەوە وینەکەی کاکیلۆ لەگەڵ خانم (کیتی سپیگلی) خیزانی لەبەردەم کۆشکی سپی و هەروەها ئەو بەڵگانەش کە لەم بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە ئەوە دەسەلمێنن. شایەنی باسە، سەعید کاکیلۆ دوو فایلی لە ئەرشیفی نیشتیمانیدا هەیە کە شایەنی داونلۆد نییە!!

http://discovery.nationalarchives.gov.uk/results/r?_q=Kakelo





کاکیلۆو خاتوو کیتی سپیگلی هاوسەری



Search results for Kakelo

Records 2
Record creators 0

Zerdecheno Mohamid Saide Kakelo alias "The Prince of Kurdistan": credit by fraud

| | |
|---|---|
| Held by: | The National Archives - Metropolitan Police Office |
| Date: | [illegible] |
| Reference: | MEPO 3/313 |
| Subjects: | Crime \| Policing |

This file was originally catalogued under more than one subject heading. These headings, and details...

| | |
|---|---|
| Held by: | The National Archives - Home Office |
| Date: | [illegible] |
| Reference: | [illegible] |
| Subjects: | Americas \| China \| Europe and Russia |

Send me The National Archives' newsletter



**دادگـایی کـاکیلۆی (میـری کوردسـتان) و شـایەتیی ژنـەکـەی میجەر سۆن!**

رۆژنامـەی (THE SUNDAY POST) وەك هـەمـوو رۆژنامەکانی دیکەی بریتانیا، بایەخیان بە کەیسەکەی محەمەد سـەعیـد کـاکیلۆ داوە، کـە خـۆی وەك (میـری کوردسـتان) ناسـاندووە، لـەم رۆژنامـەیـەدا کـە لـە٨ي ئـەپڕلـی ١٩٢٣دا، لەژێر ناونیشانی : (میر لە قەفەسی تاوانبارییدا.. بە ئەرکێکی تایبـەت هاتۆتـە بریتانیـا و ئێستاش بـە فێڵکردن لـە هۆتێلـەکان تاوانبار کراوە)بڵاو کراوەتەوە، جگە لەگێڕانەوەی کەیسەکەی کـاکیلۆ، باسـی ئـەوە هـاتووە، کـە میـستەر هیـڵ ی دادوەری لیکۆڵینـەوە، بە میستەر (مید)ی دادوەری وتووە، کـە خانمێك لـەدادگـا هـەیـە کـە لـەکوردستان بـووەو بـانگی دەکـەین تـاکو سـەبـارەت بـە بـوون و نـەبـوونی پاشـایەتیـی لـە کوردسـتان زانیارییمان بداتێ.

دواتـر خانمــەکـە بانــگ کــراوەو چۆتــە شــوێنی تایبــەتــی گەواهیدان و خۆی وەك خـاتوو (ليندفيڵد سۆن) ناسـاندووە کە ژنی مێجەر سۆن بووە، ئەوەی سەرەتـا لـە خزمـەتـی نهێنیـی و دواتریش لە لیستی تایبەت هەڵسوڕاوە.






SUNDAY POST, APRIL

# PRINCE IN DOCK.

## CAME ON SPECIAL MISSION TO BRITAIN.

## NOW CHARGED WITH DEFRAUDING HOTELS.

London, Saturday.

The Prince of Kurdistan, who represented that he was worth untold wealth, and whose stay at West End hotels ended in his arrest, was again in the dock at Marlborough Street to-day.

His name was given as Zendechemo Mohamid Saide Kakelo, aged twenty-seven, of Bury Street, St James'.

Detective Hill informed Mr Mead, the Magistrate, that there was a lady in Court who had been in Kurdistan, and could speak as to the existence or non-existence of Royalty there.

She went into the witness-box, explaining that she was Mrs Lindfield Soane, widow of the late Major E. B. Soane, who was in the Secret Service at first, and on the special list.

### Can Call Lord Curzon as Witness.

Magistrate—I think you had better get legal assistance for the prisoner, and then, if you think this lady's evidence would be of assistance, you can call her.

The "Prince" said he desired to make a statement, and did so volubly in broken English.

"I came here," he said, "on special mission to see the British Government. I have



خاتوو (ليندفيلّد سۆن)



## ئەمەريكا هەواڵی (ميرەكەی كوردستان) رادەگوازێت!!

لەراستيدا مەسەلەی گرتن و دادگاييكردنی محەمەد سەعيد كاكيلۆی (ميری كوردستان) لە لەندەن، تەنيا لەراگەياندن و سۆشيال ميديای لەندەنيی و بريتانييدا رەنگی نەداوەتەوە، بەڵكو ئەم كەسايەتييە سەمەرەيەو شێوازی هەڵسوكەوت و پێشينەو قسەی قوربانييەكانی، بۆتە مايەی بايەخ و سەرنجی زۆربەی ميديای جيهانيی ئەوروپيی و ئەمريكيی و تەنانەت عەرەبيش!

هەر لەوبارەيەوە، لەكاتی گرتنەكەيدا لە لەندەن، رۆژنامەی (EVNING TRIBUNI MARYSVILLE) لە١٤ی ئەپرڵی ١٩٢٣دا، لە ويلايەتی ئۆهايۆ چاپ و بڵاوكراوەتەوە ، بابەتێكی گرنگی لەسەر كاكيلۆ نووسيوە، بەناونيشانی " زێندەچينۆ محەمەد سەعيد كاكيلۆ كە ناوی ميری كوردستانی لەخۆی نابووو لەنێو بازنەی كۆمەڵايەتيی زۆربەی شارە مەزنەكانی جيهاندا ناسرابوو لەلەندەن بەكاری ساختەكاريی زيندانيی كراوە"!

رۆژنامەكە باسی لەوە كردووە، چۆن سەعيد كاكيلۆ خۆی بە نەوەی بنەماڵەيەكی پاشايەتيی لەقەڵەمداوەو نازناوی" ميری كوردستان"ی بەكارهێناوە بۆئەوەی بۆ ماوەيەكی زۆر لە سێ شاری گەورەی ئەوروپا و ئەمەريكای وەك نيۆرك و پاريس و لەندەن، لەگەڵ جوانترين ئافرەتان پەيوەندی ببەستی و سەما بكات و خۆشترين شەراب بخواتەوەو لەسەر پرشكۆترين خوانی بنەماڵە خانەدان و ناودارەكانی وەك : رۆكفێلەرس و وتنيز و بنەماڵە ناسراوەكانی تری ئەمەريكا ئامادەبێت...جەنابی ميرەكەی كوردستان كە تەمەنی ٣٧

سالەو ماوەیەکە خۆشترین ژیانی راحەت و خواپێداوان دەگوزەرێنێ ، پێشتر باشکاتبی دوکانێکی کۆنەفرۆشیی بووە لە (چیاپساید)، پیش ئەوەی تاجی شکۆمەندیی پاشایەتیی لەسەرنێ و لە بەرزترین ناوەندو بازنەی کۆمەڵایەتیی خۆی ببینێتەوە!! دیارە رۆژنامەکە بەهیچ شیوەیەك باسی لەوە نەکردووە ئەم کاکیلۆیەیە کێیە و لەچ رەچەڵەك و بنەچەیەکەو چۆن گەیشتۆتە ئەمەریکاو بەچ شێوازێك توانیویەتی تێکەڵاویی و پەیوەندییە هەمەلایەنە بەرفراوانەی هەبێ!!!


SANDMAN STORY

THE BIG TREES

Voted Against German

GOVERNORS TO ME




London, April 14.—[illegible] Said Kakeio, who, as the self-styled "Prince of Kurdistan," cut a dash in the fashionable circles of New York, Paris and London, and fooled the socially elect into believing that he was a descendant of royalty, has been sentenced to six months in jail as an imposter. After the sentence is served he will be deported. The "prince" danced with the prettiest society girls in three cities and was wined and dined by their brothers and elders, who thought he was a real prince from a throne. He boasted of his acquaintance and intimacy with royalty and nobility, and with the Vanderbilts, Rockefellers, Whitneys and other wealthy American families. The "prince" is 37 years old and lived in luxury for many years. He was a clerk in a second-hand clothing shop in Cheapside before he polished up his fake crown and waded into the highest society.

## دادگا داوای چاوپێداخشاندنەوەی سزاکەی کاکیلۆی (میری کوردستان) ی ڕەتکردەوە!

میدیای بریتانیی، لەیەکەم ڕۆژی گرتنەکەی محەمەد سەعید کاکیلۆی (میری کوردستان) ەوە ، بەردەوام بەبایەخەوە هەواڵی گرتن و دادگاییکردنەکەی بڵاوکردۆتەوەو جگە لە گێڕانەوەکانی پێشوو، جاروبار زانیاریی زیاتریان لەبارەی خۆی و کەیسەکەو ئەو قسانەی کراون لەکاتی دادگاییکردنەکە، خستۆتە بەرچاو.

هەر لەم ڕووەوە، هەر دوو ڕۆژنامەی ( EDINBURGH EVENING NEWS) و ( SUNDERLAND DAILY ECHO) کە لەبەهاری ١٩٢٣ بڵاوکراونەتەوە، قسەیان لەبارەی ئەم بابەتەوە کردووە، ئەوەی یەکەمیان لە ١٢ی ئەپرێلی ١٩٢٣و لەژێر ناونیشانی: "(میری کوردستان) خاوەن ملیۆنەها بەڵام هیچ پارەی پێ نییە"، ئەم ڕۆژنامەیە هەمان باس وخواسی چۆنێتی گرتن و تاوانبارکردنی کاکیلۆی بەهۆی نەدانی پارەی پسولەی هۆتێلەکانی ساڤۆو هایدپارك ڕاگواستووەو ئەوەشی خستۆتەسەر کە کاکیلۆ وتویەتی کە ئەو میرێکە خاوەنی ملیۆنەها پاوندە!!

ڕۆژنامەی دووەم، لە ١٠ی جونی ١٩٢٣داو لەژێر ناونیشانی "پسوڵەکانی میر" داوایەکی سەرنەکەوتووی پێداچوونەوە بەبڕیاری دادگادا، ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە دادوەرانی دانیشتنی دووەمی دادگاییکردنەکەی کاکیلۆی (میری کوردستان)، لەگەڵ ئەنجومەنی بەرگریی لە تاوانبار کەوتونەتە گەنگەشەو میستەر ئەی .سی کاپرۆن وەك



نوێنەری ئەنجومەنی بەرگریی کەوتۆتە قسەو ڕووی دەمی خۆی کردۆتە دادوەران : ئاڤۆری ، سانکی و ساڵتەر و وتویەتی:

بەڕێزان ، کاکیلۆ چۆتە هۆتێلەکەو بێئەوەی هیچ جانتاو کەلوپەلیکی پێ بێ و لەوێ خۆی وەك (میری کوردستان) ناساندووە، کە بەئەرکێکی دیپلۆماتیی هاتۆتە بریتانیا.

پاشتر لەوەشدا هەڵەیەك نەسەلمێنراوە چونکە کاکیلۆ وتویەتی ناتوانم پارەکە بدەم هەتا کاتێکی گونجاو، ئەوەش کاتێك دەبێ کە پەیوەندی بکەم بەژنەکەم و دۆستەکانمەوە لە ئەمەریکا پارەم بۆ بنێرن!!!

لێرەدا، میستەر ئاڤۆری پرسیار لە دەستەی بەرگریی دەکات و دەڵێت : کوردستان ها لەکوێ؟!!!

میستەر کاپرۆن: ئێستا لەنێوان سێ وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا دابەشکراوە.

ئاڤۆری (بەپێکەنینەوە) : بۆیە ئەو پرسیارەم کرد چونکە داوای دیپۆرتکردنەوە و سنورداشکردنەوە لە بڕیارەکەیدا پێشنیازکراوە!

ئنجا کاپرۆن قسەدەکات و دەڵێت: بەڵگەیەکی چەسپاو و ڕوون لەبەردەست نییە تاکو بڕیاری سزای پێشنیازکراو بەسەر کاکیلۆدا بسەپێنری چونکە بەڕیوەبەرانی هوتێلەکە پێیان وتووە پارە مەدە تائەوکاتەی لەلایەن ژن و هاوڕێیەکانیەوە لە ئەمەریکا پارەی بۆ دەنێرن!

ئەنجومەنی ئیدیعاش نەیسەلماندووە کە ئەم کابرایە هیچ پارەیەکی لە ئەمەریکادا نییە!

دواجار دادگا بڕیاری دایەوە کە کاکیلۆی (میری کوردستان) بە ساختەکاریی تاوانبارەو بەڵگەیەك نییە بێتاوانی بسەلمێنێ و

بەڵگەکانی دەستەی بەرگریی بۆ داوای پێداچونەوە لاوازە، هەربۆیە دەبێ (میر) بۆ ماوەی شەشمانگ لەزیندان بێت ، بەلام مەسەلەی سنورداشکردنەوەکەی دەتوانێ داوای چاوپێداخشانەوە ئاراستەی نوینەرایەتی تۆماری بیانییەکان بکات.





"PRINCE OF KURDISTAN."

"WORTH MILLIONS," BUT HAD NO MONEY.

At London Sessions to-day [illegible] Mohamed Saide Kakeis (27), was charged with incurring debts by means of fraud, and of obtaining money by false pretences. He pleaded not guilty.

Prosecuting counsel said prisoner styled himself Prince of Kurdistan. When he arrived in London on March 11 he went to the Savoy Hotel, gave his name as Prince of Kurdistan, and asked the best suite in the hotel. He so impressed the clerk that he was given a suite of rooms costing six guineas a day.

Kakeis, said counsel, explained the absence of luggage by saying his secretary was following with it. When his bill was presented next day he said he had no money, and was transferred to cheaper rooms. He told the manager his signature was good for millions. Prisoner left the Savoy on March 13, and went to Hyde Park Hotel, where he borrowed £20 from the manager.

Mr Thomas, manager of Hyde Park Hotel, said prisoner told him he was the owner of the country of Kurdistan, and that if he took it from the Turks there would be no Turkey left in Asia Minor.

The police witness said prisoner described himself as a prince worth millions of pounds.

A LIKING FOR SOLDIERS.



# 'A PRINCE'S BILLS.

## UNSUCCESSFUL APPEAL IN CURIOUS CASE.

### Where is Kurdistan?

## SHY OF BULLDOGS.



## محەمەد سەعید کایلۆ(میری کوردستان) پێش لەندەن لەپاریس دەستبەسەرکراوە!

بەگەڕانەوە بۆ میدیاو رۆژنامەکانی ئەمەریکیی، دەردەکەوێ کە محەمەد سەعید کاکیلۆ کە خۆی بە (میری کوردستان) ناساندووە، پێش ئەوەی لە لەندەن بگیرێت و دادگایی بکرێت، لە پاریس دەستبەسەرکراوە و ٣ هەفتە لەژێر لیکۆڵینەوەدا بووە!!

رۆژنامەی (NEW YORK HERALD) لە ٢٦ی دیسەمبەری ١٩٢٢دا، لەژێر سەردیڕی (میر سەعید سەری ساڵی نوێ و کریسمسی لە زیندان بەسەربرد)!

رۆژنامەکە باس لەوە دەکات ، کە سەعید کاکیلۆ زەردەچینۆ کە مێردی خاتوو کیتی سپیگلییە، ئەوەی دەوترێ ئەکتەری سینەماییە و کەسێکە لەبنەڕەتەوە ئەمەریکییە، ئەو سەعیدەی بەوهۆیەی گوایە خۆی وەك حوکمداری تەواوی جیهانی ئیسلام لەقەڵەمدابوو و بەوهۆیەشەوە دەرگای ناسراویی و بەناوبانگیی بۆ کەوتوبووە سەر گازی پشت، ماوەیەك پێش ئێستا ئەمەریکای بەجێهێشتووەو کریسمی لە پشت شیشەکانی زیندانەوە لەپاریس بردۆتەسەر!

بەگوێرەی رۆژنامەکە، میر، دەمەو بەیانی لە هۆتێل (کارلتۆن) دەستبەسەرکراوە، پاش ئەوەی جەناحێکی سێ ژووری بۆ ماوەیەك گرتووەو لەوێ بووەو زیاتر لە ١٠٠٠ فرانك قەرزارەو بە باشکاتبی هۆتێلەکەی وتوە کە هاوڕێی شەخسی (ئاغاخان)ی پاشای ئەفغانسانە!

هەروەها کاکیلۆ هەر گەیشتۆتە پاریس هەوڵی داوە هاوکاریی سەرافە ئەمریکییەکان بەدەستبێنێت و بەناو و ناونیشانی جیاوازو بەکارهێنانی پەیوەندییە بەفراوانەکانی لە تورکیاو روسیاو میسر و کوردستان و بەو هۆیەشەوە سێ هەفتە لەژێر لیکۆڵینەوەی پۆلیسدا بووە!!

ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە رۆژنامەکە ئاماژەی بۆ پێشینەی نزیکی کاکیلۆکردووە، کە ناوبراو سێ ساڵ پێشتر واتە لەساڵی ١٩١٩بەو ناوەوە لەلەندەنەوە هاتۆتە ئەمەریکا و پێشتر لە لەندەن لەدوکانێکی بەرگدروویی کاری کردووە!! پاش ئەوەی چۆتە پاریس، یەکسەر چۆتە ئۆتێل (میوریس)، دوای چەند هەفتەیەك کە داوای پارەیان لێکردووە ، ئەوێی بەجێهێشتووە و چەند ئۆتێلیکی تری بەسەرکردۆتەوە، کە داوای سەرفکردنی پسولەکانیان لێکردووە وتویەتی کە ئەو میوانی ئاغاخانەو چاوەڕێی هاتنی ئەو دەکات لەپاریس!!کاکیلۆ ١٦٠٠ فرانکی ئۆتێل (مۆنامو) ش قەرزارە!

هەروەها رۆژنامەکە زانیاریی لەسەر ژنەکە کاکیلۆ، کیتی سپیگلیش داوە، بەوەی کچی جۆزیف سپیگیلییە کە لە ولایەتی کینتاکی ژیاون و کیتی پاش مردنی باوکی ئەوێی جێهێشتووەو خۆی وەك شازادە پێشانداوە، ئەوەی هەرگیز لەلای هاوڵاتیانی کینتاکییەوە بە جدیی وەرنەگیراوە!!

هەروەها رۆژنامەی (THE NEWYORK TIMES) لە دیسەمبەری ١٩٢٢ بەناونیشانی (کاکیلۆ لەپاریس قۆڵبەستکرا) ، جگە لەو زانیارییانەی پێشوو، وتویەتی: خولیای ئەم پیاوەی بۆتە وێردی زمانی دوو کیشوەر ئەوەیە تەواوی جیهانی ئیسلامیی لەسایەی رێبەرایەتییەکدا یەکبخات!



کاتیکیش لێیان پرسیوە کێیە وتویەتی: "ئەم ئەرکە ئیشی پیاویکی وەك منە" !!!!

دیارە گرتنی کاکیلۆ لەپاریس سەرەتا لەلایەن رۆژنامەیەکی فەرەنسییەوە بەناوی (Le Gaulios) کە لە ٢٧ی سێپتەمەری ١٩٢٢دا، بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی باسی لە شکاتنامەی کۆمەڵێك خاوەن هۆتێل کردووە لەسەر کاکیلۆیان تۆمارکردووە. بەگوێرەی رۆژنامەکە، ئەم ساختەکارە لەشەقامی شانزەلیزیە قۆڵبەستکراوەو لەشوێنی لیکۆڵینەوە، ناوی خۆی بە کاکیلۆ بەدرخان داوەو پاسپۆرتێکی پێ بووە، کە لەکۆنسوڵییەتی میسریی لەنیۆرکەوە دەرچووە کە دوایی زانراوە ساختەیە و رەوانەی زیندان کراوە.



# PRINCE 'SAID' PASSES CHRISTMAS IN JAIL

## American's Husband, Who Visited Here, Owes Hotel Bills

*Special Cable to* THE NEW YORK HERALD.
*Copyright, 1922, by* THE NEW YORK HERALD.

New York Herald Bureau,
Paris, Dec. 25.

Prince Said Mohammed Kakeio Zerdecheno, [illegible] of Kitty Spigill, said to be a movie actress, and a native of Kentucky, U. S. A., whose claims as the ruler of all Islam gave him some publicity in America a few months ago, passed Christmas behind the bars of a Paris jail for his alleged failure to pay several hotel bills. The Prince was arrested this morning in the Hotel Carlton, after renting a luxurious three room apartment, almost without a single sou, and owing at least 1,000 francs to the head porters of the Hotels Ritz, Monceau and Moderne, where he convinced the clerks that he was a personal friend not only of the Aga Khan but also of prominent American financiers.

The Prince, since his arrival in Paris, has endeavored to obtain financial assistance of American bankers by offering the [illegible] of his "vast estates" in Russia, Kurdestan, Turkey and Egypt, which he claims as the direct descendant of Mahomet. The police have been investigating his record for three weeks.

According to one report, Prince Said, three years ago, under the name Kakeio, was employed in a London tailor's shop. He went to America, then came to Paris and took an apartment at the Hotel Meurice. At the end of the first week, when he was asked to pay his bill, he decided to go elsewhere. A porter of the Ritz, believing him a friend of the Aga Kahn, advanced him 1,400 francs and has not been repaid. The Hotel Monceau was his next stopping place, and he finally landed at the Carlton and thence in jail.

*Special Dispatch to* THE NEW YORK HERALD.

LEXINGTON, Ky., Dec. 25.—Kitty Spigill is said on best authority to be the daughter of Joseph Spigill, who recently died near Lancaster, Ky. She left Kentucky several years ago to go into the movies and report had it she was employed in a hotel for awhile. The girl's mother lives now in Garrard county, Kentucky. Kitty's claim of being a princess [illegible] home.






Le Gaulois

Les Échos



# KAKELO ARRESTED IN PARIS.

## "Prince" Is Accused of Fraud by the Management of a Hotel.

Copyright, 1922, by The New York Times Company.
Special Cable to THE NEW YORK TIMES.

PARIS, Dec. 25.—" Prince " Mohammed Said Kakelo, self-styled descendant of the Prophet and aspirant to the green mantle of the Caliph as leader of all Islam, who some time ago entertained New York with his exploits, today got himself arrested by the Paris police on a charge of fraud.

The " Prince " addressed a number of dispatches to the Sultan of Turkey and several other illustrious alleged friends, asking their help, but the hotel porter to whom the messages were confided refused to deliver them at the cable offices unless he was provided with the wherewithal to pay the tolls. The money was not forthcoming for the reason that the " Prince " was broke.

For some weeks past he has been living on promises and the trifle of 1,400 francs which he borrowed from the porter of the last hotel he patronized. But even in Paris, where the hospitality of hotels and respect of hotel porters for royal highnesses is proverbial, there seems to be a limit. It was when that breaking point was reached that the managers of the Monceau Modern Hotel called in the police and charged their guest with fraud.

Such is the fate of the man who has got himself talked about in two continents, and whose simple ambition it is to unite all Islam under one leadership. " Whose leadership? " he was asked the other day, and this was his reply: " Well, naturally, I am the man for the job."

According to his story, he has many wealthy friends in New York waiting for him to get started, when they will provide him with all the wealth he needs.



Arrêté pour grivèlerie

Plusieurs plaintes émanant de directeurs d'hôtels du quartier des Champs-Elysées parvenaient, ces temps derniers, au parquet de la Seine.

Les plaignants déclaraient qu'ils avaient été victimes d'un escroc disant se nommer prince Zerdecheno, lequel s'était installé plusieurs jours, quelquefois plusieurs semaines durant, dans leur établissement, et un beau matin était parti sans régler sa note.

Recherché par la police, l'escroc fut



rencontré hier, avenue des Champs-Elysées, et emmené à la police judiciaire, où M. Faralicq, commissaire, l'interrogea.

Il a prétendu se nommer Zerdecheno Bader Khan, Mohamed Saïd Kakelo. Sur lui, il avait un passeport délivré par le consulat égyptien à New-York et une somme de trente francs environ.

Ses déclarations vérifiées aussitôt ont été reconnues inexactes. D'autre part, on a constaté que le passeport était faux.

Dans la soirée, Zerdecheno a été conduit au petit parquet, qui décidera s'il doit être envoyé au Dépôt.

Un beau coup de filet

A l'une des dernières audiences de la



## سـەنـدەی پۆسـت و هـەڵدانـەوەی لاپـەڕەکـانی رابـردووی کاکیلۆی (میری کوردستان)!

پاش گرتنی کاکیلۆی(میری کوردستان) لەلەندەن لـەبـەهاری ١٩٢٣دا، دادگایی و چیرۆکی رابردوو و شوناسی راستیینەی ئـەم کـەسـایەتییـە بۆتـە خولیـاو بنێشتەخۆشـەی رۆژنامـەکـانی بریتانیاو ئەوروپا و ئەمەریکا. لەبارەیەوە، رۆژنامـەی( THE SUNDAY POST) یش ئەسپی خۆی تاوداوەو راپۆرتیکی دوورودرێژی بـەناونیشانی (قۆڵبڕییـەکـانی میرێکـی سـاختەی رێکپـۆش کـە ئیـدعای بـوونی خـوێنی پاشـایـەتیـی و سـامانێکی بێشوماردەکـاو خـۆی پـێ نـەوەی فیرعـەونـەکانـە) لـە ١٥ی ئـەپڕڵـدا، بـەوێنـەی کـاکیلۆو خـانمێکی بریتانییـەوە کـە پێشتر پێشوازیی لێ کردووە، بڵاوکردۆتەوە!

رۆژنامەکە سەرەتا بەقسەیەکی کاکیلۆ خۆی دەستپێکردووە کە وتویەتی(من کەسێکی خاوەن شکۆ و پڕ رێزم، بڕوام وایە خوداوەند هـەرگیز لیم نـابوری ئـەگـەر قـەرزەکانی سـەرشانم نەدەمەوە)!

دواتر دێتە سەر ئیدیعاکان کاکیلۆ کە پێشترو بەدرێژایی کـاتی دادگاییەکـەشی کردوونـی گوایـە خـاوەنـی وڵاتـی کوردستانە و کـەسێکی ناسـراوە لـەنێو نـاوەنـدی کۆمـەڵایـەتیـی لـەندەنییدا، ئەوەی وایکردووە گرتنەکەی وەك تـەقینـی تۆپ دەنگبداتـەوەو رۆژنامـەکـانی ئـەمـەریکـاش ئـەمـەیـان قۆزتوتـەوە، بـەتایبـەت رۆژنامەی نیۆرك...

سـەنـدەی پۆسـت، ئـەوەی راگـەیانـدووە کـە ئـەوان ژمێـژەو لەکاتیکدا کـاکیلۆ لـە پـاریس بـووە، بـەدوای چیرۆکـەکـەیـەوەن،

تەنانەت لەو کاتەشەوە کە ناوبراو لەئەمەریکا دەستی کەشف بووە ، کاکیلۆیەك کە بەهۆی شێوەو روخساری رێکپۆش و سەرنجڕاکیشی، هەروەها بەهۆی ئیدیعا جۆراوجۆرەکانی کە گوایە شازادەی میسرە،یا میری کوردستانە، یاخود ئامۆزای حەقی پاشای ئیسپانیایە، تەنانەت خۆشی وەك خوشکەزای مستەفا کەمال ناساندووەو خۆشی گەڕاندۆتەوە سەر فیرعەونەکان و هەروەها لەشوینی تریش خۆی بەنەوەی هارونە رەشید ناساندووە!!ئەوەی وایکردووە تێکەڵ بەچین و ناوەندەکانی سەرەوەی کۆمەڵگای ئەوروپی و ئەمەریکیی بێت کە دەرگایان بۆ واڵاکردووەو ئەمیش ئەسپی خۆی لەو مەیدانی فرتوفیلە بی گویدانە عاقیبەت، تاوداوە!
دواتر، راپۆرتەکە شەرحێکی دۆخی میرەکەی کوردستانی لە ژووری چاوەڕوانی و راوەستانی دادگای لەندەندا کردووە، کە چۆن لەنیو ئەو هەموو قۆڵبڕو گێرفانبرو دوکانبڕو شەوکوتە لەندەنییەدا پاڵی لیداوەتەوە وەك ئەوەی لە هۆڵی پێشوازیی مەلەکیدا بی بە قاتو بۆیناباخ و دەستکێشێکی ئاوریشمی ناسك و شەبقەیەکی سەرنجراکێشەوە کە هەرگیز پێشتر نەبینراوە!
پاشتر راپۆرتەکە دێتە سەر باسی ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پال کاکیلۆ لەلایەن لێکۆڵەر هیڵەوە، کە پێنجن و هەر پێنجیشیان تۆمەتی قۆڵبڕین و ساختەکاریین کە پەیوەندییان بە قەرزکردن و نەدانی پارەی هۆتێلەکانی ساڤۆی و هایدپارك و پاروەرگرتن لە تۆماسی بەڕیوەبەری ئۆتیل هایدپارکەوە هەیە، ئەوە جگە لە پێشان نەدانی شوناسنامەیەکی روون لەکاتێکدا وەك بێگانە هاتۆە لەندەنەوە!



راپۆرتەکە دواتر دێتەسەر پێداگریی کاکیلۆ لەسەر ئیدیعاکانی و داوای بانگکردنی شایەتحاڵەکان، ئەوانەی هیچیان لەدادگا ئامادەنەبوون، ئنجا باس لەوە دەکات کە کاکیلۆ لەدەورانی ئاڵۆزی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، دۆخەکەی قۆزتۆتەوەو بە بەرگی ژێنراڵییەوە خۆی کردووە بە لەندەندا و وەك ژێنراڵێك لە رۆژهەلاتەوە پێشوازیی لێکراوە، ئەوەش وایکردووە خولیایەکی گەورە لە کەلەی بدات و مەزنترین چیرۆکی ساختەقۆڵبڕین لەمێژوودا تۆماربکات کە پێشتر نەنووسراو نەبینراوەو بۆتە جیی سەرنج و بایەخی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمەریکاو مۆنتی کارلۆو دۆشەویلی و لەندەن! نەیزانی کاتیك جەنگ تەواو بوو،کەسانێکی لێهاتووی وەك لیکۆڵەر هیڵ، لێرەو لەوێ بەدوای مێژوو و راستییەکانی پشتی ئەم چیرۆکە دەگەڕێن و پارچە پارچە لێکی دەدەن تا دەگەن بنج و بناوانی راستیینەی، ئەم کەسایەتییەی کە دەرکەوتووە پێشتر جگە لە کوڕەشاگردی دوکانێکی بەرگدروو لە لەندەن، شتێکی تر نەبووە!!


The Sunday Post

SUNDAY, APRIL 15, 1923.

EXPLOITS OF DEBONAIR BOGUS PRINCE.

His Claim to Royal Blood, Fabulous Wealth, and Ancestry Back to Pharaohs.

By Sunday Post Special Commissioner.

WHEN RUN DOWN

JAS. ANDERSON'S

"TIZ"—A joy to Sore, Tired Feet

Indigestion

banished by taking

HOW TO GET RID OF SUPERFLUOUS HAIR

Without Razors or Depilatories.



## ئەمەریکا (میری کوردستان)ی خستە زیندان

پێشتر وترا کەسەعید کاکیلۆ (میری کوردستان)، لەندەنی جێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ نیۆرك، لەمبارەیەوە رۆژنامەی بریتانی ( THE NOTTINGHAM EVENING POST) بابەتێکی دوورودرێژی بەناونیشانی " پیاوێك کە سی پایتەختی خەڵەتاند. ئتوچییەکی پانتۆڵ خۆی کردبوو بە میر..." لە ٩ی ئوتی ١٩٢٤دا، بڵاوکردۆتەوەو زانیاریی گرنگی خستۆتە سەر چیرۆکەکەی کاکیلۆو چارەنووسی ئەم (میرەی کوردستان) لە ئەمەریکا!

بەگوێرەی رۆژنامەی نۆتینگهام، سەعید کاکیلۆ کە خۆی ناونابوو (میری کوردستان) و شتی سەیروسەمەرەی لەبارەی خۆیەوە دەوت، گوایە نەوەی مەزنترین بنەماڵەی رۆژهەڵاتەو سێ کۆشکی لەسەر رووباری نیل هەیەو ئەندامی دەستەی باڵای دیپلۆماتی تورکیایەو لەخیزانی دواسوڵتانەکانی تورکیایەو بەودواییە یەك ملیۆن پاوەنی لەسوڵتانەوە پێگەیشتووە، دەرکەوتووە کە قۆڵبڕێکی گەورەیەو لەچەند هەفتەی رابردوو، بەسواری کەشتی(هۆمەریك) گەیشتۆتەوە نیۆرك و لەلایەن پۆلیسەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەستبەسەر کرا!!

پێش ئەوەی قۆڵبەست بکرێ، چەند رۆژێکی کەمی هەبووە ئازادانە سوڕاوەتەوەو چەند ژنێکی ناسیاوی خۆی بەسەرکردۆتەوە، هەتاکو لێکۆڵەرەکان بەهەڵمەتێك گەیشتوونەتەسەری !!

بەگوێرەی نوتینگهام، سەعید کاکیلۆ تەمەنی ٣٩ ساڵە و لەمیسر لەژێر ئاڵای بریتانیای مەزن لەدایکبووە، ئەسمەرەو



کاکیلۆ



قۆزو سەرنجڕاکێش و فرە چاونەترسە!ئەم پیاوە پێش پێنج ساڵ لەوەوبەر، وەک ئوتوچییەک لە(بێتنال گرین) هەڵسوڕاوەو دواتر کەوتۆتە ساختەکاریی، هەوڵیداوە ناسنامەی ساختەی خۆی بشارێتەوە بەڵام بۆ بەدبەختی گەورەی ئەو، ناسنامە راستەقینەکەی لەبنکەی سەرەکیی پۆلیسی لەندەن پارێزراوە!!

دواتر دێتە سەر باسی ئەوەی کە چۆن لەلەندەن لەماوەیەکی کەمی کاری ساختەکارییەکەیدا، خەریکبووە بکریتە ئامانج بەڵام بەهەڵاتن و دوورکەوتنەوە ماوەیەک بابەتەکەی لەبەرچاو ونبووە، هەتا بنکەی پۆلیسی لەندەن سەرلەنوێ شارەزایانە بەدواچونی بۆ چالاکییەکانی کاکیلۆ کردووەو هێناویەتەوە پێش !!

دواتریش لەپاریس کەوتۆتە داوی لیکۆڵەر (گویچارد) لە هۆتێل (کریلۆن) و بۆماوەی سێ مانگ لەزیندانی (باتیگنۆڵس) زیندانی کراوە، تا پاشتر نێردراوەتە (بۆلگۆنی) رۆژئاوای پاریس و خراوەتە نێو کەشتییەک..!!

ئنجا رۆژنامەکە، باس لەکاکیلۆ دەکات چۆن چۆتە لەندەن و بۆماوەی دوو مانگ رایبواردووە و پاشتر لە ١١ی مارتدا سەردانی هۆتیل ساڤۆی کرووەو ئنجا لە ١٥ی مارتدا چۆتە هۆتێل هایدپارک و تاکو گرتنەکەی و دادگاییەکەی ئەمانەی گێڕاوەتەوە...لێرەدا باس لەوەدەکات کە لێکۆڵەر هیڵ باسی کاکیلۆی کردووە کە لەدایکبووی میسرەو باوکی ئەنجامدەری ئەکرۆپات بووەو پاشتر چۆتە شیکاگۆ وەک کتێبفرۆش کاری کردووەو لەلەندەنیش جلوبەرگی ئوتوکردووە!!

لەکۆتایی مانگی رابردوو، واتە تەموز، کاکیلۆ گەڕاوەتەوە ئەمەریکاو چۆتەنیۆرک بە ناسنامەو بەرگەی ساختەوە گوایە ئەندامی دەستەی دپلۆماتییە، راست و راست چۆتە هۆتێل

بێلمۆنت، دواتر کە زانیویەتی بەدوایدا دەگەڕێن بەپەلە هەڵهاتووە تاکو پاش ڕاوەدونانێك دەستگیرکراوەو ئێستا لەزیندانی سینگ سینگ چاوەڕێی دادگاییە!!



MOTOR SMASH.

...CE SERGEANT'S FATAL INJURIES.

...FICER CENSURED.

MAN WHO FOOLED THREE CAPITALS.

CLOTHES-PRESSER'S MASQUERADE AS A PRINCE.

AMAZING EXPLOITS.

LOCAL HAP...

SEPTUAGENARIAN IN A ST...

...EN CREW'S RESCUE.

...'S AWARD TO DUTCH SEAMEN.

IN THE DOCK.

BAD BOY SENT...

REPAIRING AT SEA.

NEW HOUSES BEGIN TO BREAK UP.

TENANT CALLED BACK FROM A HOLIDAY.

LADY DOCTOR...

...AL HELP FOR BRITISH EMIGRANTS.

...VERNMENT LOANS.



stan and cousin of the king of Spain, of King Feisal of Mesopotamia and of Kemal Pasha of Turkey. He it was who escorted the Princess Fatima to the White house a few years ago when both were received by the late President and Mrs. Harding.

**Bags Not Inspected**

Customs inspectors on the pier Wednesday were completely fooled by the so-called emir. He refused to permit them to examine his baggage, announcing his latest title and claiming exemption as a foreign diplomat. Three small hand bags then were passed to the inspectors without search and the baggage papers were marked "free entry, Emir of Kurdistan, traveling on official business to the United States state department, Passport No. 87." The customs papers also stated the home of the "emir" was in Bagdad.



کەشتی هۆمەریك



زیندانی سینگ سینگ






ناو زیندانی سینگ سینگ

## ئەمریکا (میری کوردستان)ی سنورداش کرد!

بەگوێرەی بەڵگەیەکی فەرمیی، دوای ئەوەی کاکیلۆی (میری کوردستان) لە ٩ی تەموزی ١٩٢٤ بەپاسپۆرتی ساختەوە گەیشتەوە ئەمریکا و دەرکەوتووە، کە کاکیلۆ کە بە (زەردەشینۆ) ش ناوبراوەو پێشتر کتێبفرۆش بووە، کەسێکی قۆڵبڕەو لەهەڵخەڵەتاندن و خواردنی پارەی هۆتێلەکان و کاری ساختەکاریی تیوەگلاوە وبەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی وەزارەتی دادیش، لەمیسریش داواکراوە بە هۆی چەندین کەیسی ساختەکارییەوە، بڕیاردرا لە ٢٩ی تەموزی ١٩٢٤، (میری کوردستان) سنورداش بکرێتەوە!شایەنی باسە، (ئەبنەر سیگال) کە پارێزەرێکی ئەمریکییە پارێزەری کاکیلۆ بووە!



WATCH YOUR CREDIT
INTERNATIONAL NEWSREEL PHOTO
252510

ALLEGED FAKE PRINCE HELD FOR DEPORTATION

WASHINGTON.....ABOVE IS SHOWN THE EMIR OF KURDISTAN, SOCALLED PRINCE ZEDERCHENO, WITH HIS ATTORNEY ASHER SIEGEL, AS THEY APPEARED AT THE IMMIGRATION BUREAU OFFICES HERE . THE ALLEGED PRINCE IS CHARGED WITH BEING AN ALLEGED BOOKAGENT, SWINDLER, BLACKMAILER AND HOTEL CHEAT AND IS CHARGED WITH HAVING GAINED ENTRANCE XXX TO THE UNITED STATES ON JULY 9TH ON A FRAUDULENT PASSPORT . AGENTS OF THE DEPARTMENT OF JUSTICE HAVE BEEN INVESTIGATING THE EMIR'S ACTIVITIES, AND ARE SAID TO HAVE OBTAINED EVIDENCE FROM EGYPT TO PROVE THAT THE EMIR IS WANTED THERE ALSO ON SEVERAL CHARGES.

7-29-24 B



## کاکیلۆی (میری کوردستان) سەرگەردانێکی بێ نیشتیمان!!

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەمەریکا، محەمەد سەعید کاکیلۆی(میری کوردستان)ی سنورداش کرد، لەو کاتەوە هەواڵی کاکیلۆ نەزانراوە، تاکو لەناوەڕاستی مانگی مارتی ١٩٢٥دا، رۆژنامەی ( THE DEVON AND EXETER GAZETTE)بریتانی، لەژێر سەردێڕی " میری قۆڵبڕان...میرە فرەسنورداشکراوەکە" بابەتێکی بڵاوکردۆتەوەو سەرەتا کەسایەتیی محەمەد سەعید کاکیلۆی بە قۆڵبڕە بەناوبانگەکەی پروسیا (ویلیەم ڤۆیت) ناساندووە،کە جلی ئەفسەری لەبەر کردووەو پارەی بەڕێوەبەرایەتیی گەنجینەی بردووە لەساڵی ١٩٠٦ کە بەرووداوی (کۆپنیك) ناسراوە. دواتر دێتەوە سەرباسی کاکیلۆ کە بەگوێرەی رۆژنامەکە ئەمێستاکە لە بەندەری (ئێلیس ئایلاند)ی نزیك نیۆرکەو چەند هەفتەیەك پێشتر لەلێڤەرپول بووە، کە لەلایەن ئەمەریکاوە سنورداشی ئەوێ کراوەتەوە، ویستویەتی سواری کەشتی (وایت ستار) بێت و خۆی بەشێوەیەکی شاهانە گۆڕیوەو بەهۆی سەرو سیمایەوە هەوڵیداوە خەڵکانی سەر کەشتییەکە بخەڵەتێنی و دواتر پۆلیسەکانی بەرپرسانی کۆچکردن رێگەیان نەداوە و بەسواری کەشتییەکی تر گەڕاندویانەتەوە بۆ نیۆرك !!

رۆژنامەکە، دوای ئەوەی باس لە روداوەکان و کارەکانی پێشووی کاکیلۆدەکات و باس لەوەدەکات کەساڵی ١٩٢١ چۆتە ئەمەریکا و لەگەڵ خێزانی کەناوی شازادەی فاتیمەی ناوناوە (مەبەستی خاتوو کیتی سپیگلییە) سەردانی سەرۆك هاردینگ


THE DEVON AND

FAMOUS
War Correspondent
LECTURES AT EXETER.
POSSIBLE RENEWAL
Of African Slavery.

A Prince
OF IMPOSTERS.
MUCH-DEPORTED "EMIR."

و کۆشکی سپیان کردووەو دواتر لەژنەکەی جیابۆتەوە پاش ئەوەی زانراوە کە ئوتوچی پانتۆل بووە.

ئنجا ڕۆژنامەکە دەڵێت کە (میری کوردستان) لەمبەری زەریاکانەوە بۆ ئەوبەری زەریاکان لەبێنەوبەرەدایە و بۆتە سەرگەردانێکی بێ لانەو نیشتیمان، تەنانەت دایکی نیشتیمانی ڕاستینەکەی و ئەوەشی هەڵیگرتوتەوە، ئامادەنییە لەباوەشی بگرێ و تەنیا کوچی زیندانە ساردەکان چاوەڕێی دەکات! ئەو وتویەتی کە" بەدبەختییەکەی بۆ پیلانگێڕیی وەزیرانی دەرەوە دەگەڕێتەوە"!

ڕۆژنامەکە پێی وایە کە دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا گەر جاریکی دیکەش کاکیلۆ سنورداش بکەنەوە، لەوەناچێ ئەوە دوا هەواڵ بێت کەسەبارەت بە سەرەڕۆییەکانی ئەم کەسایەتییە سەمەرەو سەنجراکێشە ببیسترێ!!

ڕۆژنامەی ئەمەریکیی ( The Waxahachie Daily Light gazetesi) لە ١٨ی نیسانی ١٩٢٥ بەخەتی درشت سەبارەت بە کاکیلۆی (میری کوردستان )نووسیویەتی " میر دەبێت لە زەریادا بژی و هیچ کەس نایەوێت"!!

شایەنی باسە، ڕۆژنامەی (Le Siecle) فەرەنسیش کە لەبەرواری ٣٠ جولای ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە، باسی لەکاکیلۆ کردووە وەك کەسێکی چارەنەویستراو کە لەمیسرەوە بەرەو لەندەن و لەوێشەوە بۆ فەرەنسا و بەلجیکاو ئەمریکا ڕۆیشتووەو لە هۆتێلە خۆشەکان ژیاوەو گەشتی بە کەشتییە هەڵمینەکان کردووە. ڕۆژنامەکە کاکیلۆی بەکەسێکی جولەکە ناساندووە!!






بەندەری (ئێلیس ئایلاند)







# Mon voyage à Cosmopolis

## II. - Les Indésirables



**کاکیلۆ مەزنە شازادەی ساختەکاران و خەونی نیشتیمانێکی ئازادو سەربەخۆیی کوردستان!**

لەوەدەچێ کاکیلۆ (میری کوردستان) بەگوێرەی سەردەم و پاش سنورداشکردنەوە یەك لەدوا یەکەکانی قسەکانیشی لەمەڕ پەیام و خولیاکانی گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، ئەو کەساڵی ١٩٢٢ باسی لە یەکخستنی جیهانی ئیسلامیی و دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ تەواوی موسوڵمانانی جیهان کردووە، دواتر لەساڵی ١٩٢٣ لە دادگاکەی لەندەن باسی لەزیندووکردنەوەی میرنشینی کوردستان و نوێکردنەوەی سیتمی پاشایەتیی کردووە، کەچی لە١٥ی مارتی ساڵی ١٩٢٥و بەگوێرەی رۆژنامەی ( THE BROOKLYN DAILY EAGLE) ئەمەریکی، خەونی دامەزراندنی کوردستانێکی ئازادو یەکگرتوو و سەربەخۆی هەیە.

رۆژنامەکە، لەژێر ناونیشانی "میری سنورداشکراو رەوانەی نیشتیمان دەکرێتەوە تاکو لەوی شەڕی دوژمنانی کورد بکات"، سەرەتا باس لە زەردەشینۆ حەمە سەعید کاکیلۆ دەکات کە لەجولاًی رابردوودا بەکەشتی وایت ستار هۆمەریك گەیشتۆتەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لەدوینێ دا سنورداشی بریتانیا کراوەتەوە. بەگوێرەی ئەم رۆژنامەیە، میری کوردستان وتویەتی، کە ناوەندە فەرمییەکانی ئەستەمبوڵ لەدژی هەڵسوڕاون و وایان کردووە، پاسپۆرتە دپلۆماتییەکەی میر لە ئەمەریکا رەتبکریتەوە، بەوهۆیەشەوە کە چ پەیوەندییەکی دپلۆماتیی

لەنێوان ئەمریکا و کوردستاندا نییەو ئەمێستا کوردستان بۆتە هەرێمێك لە تورکیا!

ئەو جەختی لەوە کردۆتەوە کە :" ئەگەر ئێستا نەتوانم بگەڕێمەوە کوردستان و شەڕ لەپێناو نیشتیمانەکەمدا بکەم، دەبی لەسەر کەناری دەریاکان بمێنمەوەو شەر لەپێناو مافی خۆمدا بکەم"!

" پاسپۆرتە دیپلۆماسییەکەم لەهەموو روویەکەوە بێ کەموکورتییەو تەواوە، من خۆم هەڵناکەم و میری کوردستانم و سەرکردەی گەلێکی ۱۸۰۰۰۰۰۰ هەژدە ملیۆنیم!!ئەو پیاوانەی کە هەموویان بەسروشت جەنگاوەرن. ماوەیەکی کەم لەوەوبەر لەمام و ئامۆزایەکمەوە کەلە شوینی من لەکوردستان هەڵدەسوڕێن ،پەیامێکم بۆ هاتووە، کە پێویستە بگەڕێمەوە تاوەکو میرنشینی کوردستان یەکبخەمەوە. هەربۆیە ئەوەی دژو ناکۆکە ئەوەیە کە پیویستە هەرگیز دەزگای بەڕێوەبەرایەتی کۆچ یان وەزارەتی دەرەوە ئاڵنگاریی ئەو راستییە نەکەن کە من میری فەرمانرەوای کوردستانم"!

"میر وتی کە یەکخستنەوە بەواتای ئەوەی کوردستان بەرەو ئەوە بڕوات پێگەی رابردووی خۆی وەك وڵاتیکی ئازاد بگێڕێتەوە، ئەویش وەك فەرماندەی گشتیی لەشکری کوردستان پیویستە لەنیشتیمان بێت بۆئەوەی هێزەکانی کورد ئاراستەو رێنوینی بکات"

میر، چاوی دەبریسکایەوە کاتێك باسی لەو راستییە دەکرد کە ئەو سواری کەشتی وایت ستار کراوە بۆئەوەی سنورداشی لێڤەرپول بکریتەوە لەبری ئەوەی بچێتە چێربێرگ کە لەوی سەرکەوتووە. ئەو دژی ئەوەیە سنورداشی بریتانیا بکرێتەوە



چونکە ئینگلتەراو تورکیا پێکەوە گرێدراون و رێگریی لەهەوڵی ئەو دەکەن کە بەیارمەتی پایتەختی ئەمەریکا پەرە بە سامانە سروشتییەکانی کوردستان بدات."!

شابانوی شکۆمەند کە میر ئاوا قسەی لەبارەیەوە دەدوا، لەلای کەشتییەکە ئامادەبوو تاکو خوداحافیزی لەمیربکات، ئەوەی خاتوو کیتی سپیگلییەکەی پێشووی کنتاکیی بوو، میر وتی :" ئەو دواتر لەپاریس پێمەوە پەیوەست دەبێت"!!


THE BROOKLYN

DEPORTED EMIR OFF TO BATTLE ENEMIES OF KURDS AT HOME

Claims Passport Was "O K." and Bitterly Resents Being Sent to England.

Said Kaheel Zerdechemo, who arrived in the United States last July on the White Star liner Homeric, bearing the title of the "Emir of Kurdistan," was deported yesterday on the White Star liner Celtic for England, where, according to cable stories from London, it is alleged he has several unpaid hotel bills.

The Emir declared that he had no sooner come to America than officialdom of Constantinople was pitted against him, and through intrigue and maneuvering in Washington his diplomatic passport was rejected, because there were no diplomatic relations existing between the United States and Kurdistan, which is a province of Turkey.

"If I did not have to return now to fight for my country and its independence I should remain here, regardless of the costs, and fight for

"My diplomatic passport was correct in every particular. I did not misrepresent myself. I am the Emir of Kurdistan and I am the head of a nation of 18,000,000 people, the men of whom are all potential soldiers. Only a short time ago I received a cable from my uncle and cousin, who are acting as my regents in my absence, that I was needed back to unify the principalities of Kurdistan, of which there are seven. In all the controversy as to my status never have the immigration officials or the Department of State chal-

of Kurdistan."

The Emir then said that this unification means that Kudistan seeks to regain its ancient prestige as a free land and that he, as general in chief of the Kurdistan armies, is needed at home for the direction of the Kurd forces.

The eyes of the Emir flashed when he spoke of the fact that he is being deported upon a White Star ship to Liverpool and not to Cherbourg where he embarked. He has fought being sent to England, he said, because England and Turkey have been hand in glove in keeping him from developing the natural resources of Kurdistan with the help of American capital.

The princess, of whom the Emir spoke as "Her Royal Highness" was on the ship to bid her husband good-bye. She was formerly Miss Kitty Speigle of Kentucky. "She will join me later in Paris," said the emir.

BANK DEPARTMENT NEWS

John W Davis as Sketched By Noted French Artist Cabrol

Break Ground for School

## کاکیلۆ (میری کوردستان) لەبەرلین قۆڵبەستکرا!!

وا دەردەکەوێ بەڕێوەبەرایەتی کۆچبەرانی ئەمەریکا بۆ دووهەمین جار (میری کوردستان) ی سنورداشی کیشوەری ئەوروپا کردبێتەوەو دیسانەوە بەسواری کەشتی ناردبێتیانەوە فەرەنساو لەوێشەوە میر رووی لە ئەڵمانیا کردبێت!
بەگوێرەی رۆژنامەی ( NOTINGHAM EVENING POST) بریتانیی کە لە٣١ی دیسەمبەری ١٩٢٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەبەشی خوارەوە هەواڵێکی بەناونیشانی " میرە ساختەکە دیسانەوە کەوتە زیندان" وەشاندووە تێیدا ئاماژەی بەوەداوە، کە دوێنێ لەبەرلین لە بەرواری ٣٠ ی دیسەمبەر، بەتۆمەتی ساختەکاریی، سزای دوازدە مانگیان داوە بە تەنگەی سەعید کاکیلۆدا!



4,500 the previous year.

**BOGUS EMIR AGAIN IN GAOL.**

12 MONTHS FOR FRAUD IN BERLIN.

The man who has [illegible] more than one continent as the "Emir of Kurdistan" was sentenced in Berlin yesterday to one year imprisonment for fraud.

A Turkish official, who gave evidence regarding the identity of the prisoner, declared that he was an impostor.

A trousers presser by trade, the "Emir," whose real name is Saide Kakelo, lived in luxurious style in the West End until a prison sentence for fraud brought his career to an abrupt end.

He went to America and was deported. Refused a landing in England, he was returned to America, who then deported him to France.



پێویستە لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە بدرێت، کە رۆژنامە ئەڵمنییەکانیش لەم ماوەیەدا، واتە هاوینی ١٩٢٥، جەخت لەقۆڵبەستکردنی کاکیلۆ و لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەگەڵی دەکەن و هەروەها وێنەی کاکیلۆشیان لەگەڵ گواستنەوەی هەواڵەکەدا راگواستووە، ئەو هەواڵەی تەنانەت رۆژنامەیەکی ئەستۆنیاش بەناوی (Kaja) لە ٢١ی جولای ١٩٢٥دا، جەختی لێکردۆتەوەو نووسیویەتی کە کاکیلۆ کوردەو لە مانگی ژوونەوە چۆتە بەرلین .
سەبارەت بە رۆژنامەی ئەڵمانیی ( Berliner Volkszetitung) کەلەبەرواری ١٦ی جولای ١٩٢٥دا، لەژێر ناونیشانی (شازادەی کوردستان)، هەواڵی قۆڵبەستکردنی کاکیلۆی لەبەرلین بڵاوکردۆتەوە، باسی لەوە کردووە کە کاکیلۆ بە پۆشاکێکی سەربازیی تورکییەوە کە یەخەکەی سوور بووە لەبەرلین دەرکەوتووە، کەسێکی جوانخاس و رووخسارێکی سەرنجراکێش و باڵایەکی بەرز، شانپان و سنگ بەرز، جووتێك پوتی درێژی سەربازیی لە پێدا بووەو لەدەستە چەپیشی ئەنگوستیلەیەکی بەردینی گرانبەهای لەپەنجەدا بووە کە نرخەکەی لانیکەم ١٠٠٠٠ جونەیهی ئەستەرلینی بووە.
بەگوێرەی راپۆرتەکە، کاکیلۆ لە هۆتێلە گرانبەهاکاندا بووەو سەرەتا چۆتە هۆتێل (Mittelstrafter)هەر چەند رۆژێك و هۆتێلیکی گۆڕیوەو دواتریش سەردانی دەرەوەی بەراینی کردووە. ئەو پەیوەندی بە کۆمپانیای فیلمسازییەوە کردووەو فیلمێکیشی لەگەڵ خۆی پێ بووە تاکو رازییان بکات سەوداو کاری لەگەڵدا بکەن.

راپۆرتەکە، باس لەوە دەکات کە پۆلیسی بەرلین بەهۆی ئەو زانیارییانەی لە بریتانیی و ئەمریکییەکانەوە دەستیان کەوتووەوە، توانیویانە گومان بخەنە سەر کاکیلۆو دواتر قۆڵبەستی بکەن و رەوانەی لێکۆڵینەوەو زیندانی بکەن.

ئەم رۆژنامەیە جەخت لەسەر رووداوەکانی پێشووی دەرکەوتن و گرتن و دادگاییکردنی کاکیلۆ دەکات لە بریتانیا و ئەمەریکاو چۆنێتیی ژیانی لەنێو بژاردەی باڵای کۆمەڵگا و پەیوەندییە هەمەلایەنەکانیدا.

هەر ئەم رۆژنامەیە، دوای دوو رۆژ، واتە لەبەرواری ١٨ی جولای ١٩٢٥دا، لەگەل دانانی وێنەیەکی سەعید کاکیلۆدا،هەواڵی ئەوەی راگواستووە، کە ئەم کەسایەتییە ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە لیکۆڵینەوەی لێدەکرێت و هەموو راستییەکان ئاشکراکراون کە ناوبراو ساختەکارێکە پێشتر لە ئینگلتەراو ئەمەریکا بووە. شایەنی باسە، ئەم رۆژنامەیە تەمەنی کاکیلۆی لێرەدا بە ٢٨ ساڵ لەقەڵەم داوە.







Kaja





Der „Kronprinz von Kurd[illegible]

[illegible] wieder verhaftet

[illegible]



## هەواڵی ژێنراڵ کاکیلۆ (میری کوردستان) لە میدیای عەرەبییەوە!!

لەکاتێکدا بەشێك لە ڕۆژنامە بریتانیی و ئەمەریکیەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کاکیلۆ(میری کوردستان) لەسایەی ئاڵای بریتانیی و لەوڵاتی میسر لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لەدایکبووە، هەربۆیە جێگای سەرسوڕمان نابێ، کەگێڕانەوەو هەواڵی کارە سەمەرەو ساختەکارییەکانی میر بۆ جیهانی عەرەبیی و بەتایبەتی میسرلە میدیای ئەوروپیی (بەتایبەت فەرەنسیی و ئینگلیزیی) پەڕیبێتەوە، بەتایبەت کە تا ئەو کاتەش، میسر لەژێر هەژمون و ئاراستەی دەوڵەتی بریتانیای مەزندا بوو کە بنەماڵەی (خدێوی) تێدا حوکمداربوون. لەمبارەیەشەوە گۆڤاری (اللطائف المصورة) میسری لە٢٧ی فێبرایەری ساڵی ١٩٢٧دا، بابەتێکی بەناونیشانی (امیر کردستان المزیف/ میره ساختەکەی کوردستان)، بڵاوکردۆتەوە کە هەواڵ و ڕوونکرنەوەی زیاترمان لەبارەی میرەوە دەخاتەبەردەست کە هیندەی تر ئاڵۆزیی کەسایەتیی کاکیلۆی (میری کوردستان) مان پێشان دەدات!

گۆڤارەکە دەڵێت کە لەناوەڕاستی یەنایەری ڕابردوو، واتە ساڵی ١٩٢٦، پیاوێك لەشاری نیس لەفەرەنسا دەستبەسەرکراوە بەناوی (خاوەن شکۆ ئیمپراتۆر میر محەمەد ڕەشید میری کوردستان) خۆی ناساندووە، بەتۆمەتی ئەوەی نیشانی دۆنیری لەخۆی داوەو بەبەرگێکی شاهانەی سەرنجڕاکیشەوو ئاڵاووالاوە کە بە ملوانکەو گەوهەر ڕازێنراوەتەوە، دەرکەوتووە !!



بەگوێرەی گۆڤارەکە، میر قوتویەکی پێ بووە کە بۆدرەی تێدابووەو لەژێرەوەی پاسپۆرتیکی سیاسیی بەپلەی نایاب پێ بووە کە مۆری میرنشینی پێوەبووە کە ئەو مافە دەداتە میر بەناوی کوردستانەوە دانوسان لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی ئەوروپادا بکات!!!!!!!!!!!

شایەنی باسە، گۆڤارە میسرییەکەش باس لە گرتنی میر لە ئینگلتەراو پاشتر شەڕو پێکدادانی لەگەڵ پۆلیسی ئەڵمانی لەبەرلین لەساڵی ١٩٢٥ و هەروەها گەڕانەوەی بۆ ئەمەریکا ساڵێك پاشتربەناوی (سەعید بەگ زەردەشینکۆ)! هەروەها باس لەوەش دەکات کە پۆلیس کۆمەڵێك کاغەزی تایبەتیان لەکەلوپەلەکانی میردا گرتووە سەبارەت بە هۆتێلە کەشخەو گرانبەهاکان و مەلهاکانی دانس لەئەوروپاو کتێب و هەروەها کۆمپانیای سینەما لەئەمەریکا بینیوەتەوە کە داوایان لیکردووە لەچیرۆکیکدا دەرکەوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی باس بکات کەوەك خۆی دەڵی بۆ هارونەرەشید و عەباسییەکان دەگەڕیتەوە! هەروەها میر ناو و ناونیشانی زۆرێك لەژنانی ئەمەریکی و ئینگلیزیی لەلای خۆی تۆمارکردووەو هەڵیگرتوون!

لەهەمووی سەیرتر، پۆلیس جگە لە دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر لە نیشان و میدالیای جۆراوجۆر، دەستێك جلی سەربازییان لەنیو کەلوپەلەکانی میردا بینیوەتەوە کە کاکیلۆ وتویەتی ئەوە بەرگی ژێنراڵ و لەشکری کوردییە!!

کاتیکیش پۆلیس لێکۆڵینەوەیان لەمیر کردووە، وتویەتی" بۆڵشەفیکەکان سەرچاوەی تیکڕای ئەو نەهامەتیی و قۆرتانەن کە هاتۆتەڕێی چونکە ئەوان ڕاستیی کەسایەتیی میر دەزانن و هەموو بەڵگەیەکیشی هەیە بۆ چەسپاندنی ڕاستییەکان"!!

بەگوێرەی گۆڤارەکە، هێشتا ئەم میرە ساختەیە دەستبەسەرەو لەژێر لێپرسینەوەدایە!!

پێم وایە ئەم گۆڤارە لەدرخستنی ئەم زانیارییانە، زیاتر پشتی بە رۆژنامەی فەرەنسیی ( Le Petit Jourmal) بەستبێت کە لەبەرواری ١٧ی یەنایەری ١٩٢٧دا، لەژێر ناونیشانی " ئەوەی نازناوی میری کوردانە" بڵاوکراوەتەوە. بەگوێرەی ئەم گۆڤارە، رۆژی ١٦ی یەنایەر، لیکۆڵەرەکان لە نیس دەستیان بەسەر کەلوپەلەکانی میر کاکیلۆدا گرتووە، مۆرێکی مەتاتیی بۆ ساختەکردنی پاسپۆرت، چەندین کاغەزی ساختە بەناوی جیاواز وەك : هادی کوری حەسەن، محەمەد رەشید، محەمەد سەعید زەردەشینۆ...هتد، هەروەها چەندین وینەو رەسمی خۆی بە بەرگی سەربازیی و مەدەنیی و هەروەها وینەی ژنان و کاغەزی ئیمزاکراوی بەناوی (میری کوردستان)، لەدایکبووی ١٨٩٩ لە (ڤیرنشیر) لە کوردستان، جگە لەوەی باس کۆمەڵێك کاغەزی فەرمیی سەبارەت بە سنورداشکردنەوەی دەکات لەئەمەریکا لەساڵی ١٩٢٤ و دواتر لە سویسراو ئنجا جەخت لە گرتنیشی لە بەرلین دەکاتەوە.





امير كردستان المزيف

مصلحة الصحة العمومية

هل تريد ان تشتري اوتومبيلا؟

اوتوميبلات ميترفا

ملك الاوتومبيلات



# LE PSEUDO-PRINCE KURDE démasqué à Nice avait fabriqué lui-même son passeport

Nice, 16 Janv. A la suite de l'enquête menée par la police, qui amena l'arrestation, avant-hier, du pseudo-prince kurde, des découvertes très intéressantes ont été faites dans sa chambre, lors d'une perquisition.

Dans une boîte de poudre de riz qui se trouvait sur la table de toilette, les policiers trouvèrent un cachet en caoutchouc qui avait servi à fabriquer le faux passeport diplomatique. Un second cachet identique, mais sans inscription, fut également découvert dans le double fond de la boîte à poudre.

Ce personnage disait être S. A. J. le prince Zerechendo, né en 1899 à Vrinshir (Kurdistan). Il se donnait également d'autres noms et titres, notamment les suivants : El Hadi Ben Hassan Ben Komdane, Mohamed Zeardshah Al Raschid, prince Mohammed Salah Zerdachano, prince Z. M. ...

... volumineux dossier a été saisi, il contient des papiers aux diffé-





## کاکیلۆ (میری کوردستان) له میدیا و ئەدەبیاتی فینلەندیی دا

پاش ڕەنگدانەوەی ناو و کەیسەکەی کاکیلۆ(میری کوردستان) لەمیدیاکانی بریتانیاو ئەمەریکاو گەیشتنی هەواڵی کارە ساختەکارییەکانی میر بەدنیای عەرەبیی، میدیای فنلەندییش لەلای خۆیەوە بایەخی بە ناوبانگی کاکیلۆو کارە سەمەرەکانی داوە، لەوەش زیاتر، ژیان و چیرۆکەکانی ئەم میرە چێژخوازو فێڵبازەیان بە سەرسوڕمان و پەرۆشییەوە وەرگرتووەو چۆن پێشتر (کارل زوماخەر) لەساڵی ١٩٣١دا، ژیان و کارەکانی ساختەکاری ئەلمانیی (ولیەم ڤۆیت)ی کردە شانۆنامە بەناوی (کاپتنی کۆپەنیک) کە دواتر چەند جارێك وەك فیلم دەرهێنانی بۆ کراوە، ژنە ئەدیب و ڕۆماننووسی فینلەندییش خاتوو (ماریا جۆتونی ١٨٨٠-١٩٤٣) ژیان و هەواڵەکانی کەیسی کاکیلۆی لە ساڵی ١٩٣٢دا، کردۆتە شانۆنامەیەك بەناوی (کوردین پرینس/میری کوردان) و لەسەر تەختی شانۆش نمایش کراوە، کە بەداخەوە تائێستا کۆپیمان لەبەردەست نییەو نەشکراوەتە کوردیی یان هەر نەزانراوە کە شتێکی وا هەبێ!!

دیارە ئەمەش بەوهۆیەوە بووە کە پێشتر میدیای فنلەندیی، بەتایبەت ڕۆژنامەی (DOMINGO) لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٨دا، بابەتیکی لەسەر کارە سەمەرەکانی کاکیلۆ بڵاوکردۆتەوەو بە ئیعجابەوە داوای کردووە پەیکەرێکی بۆ بکرێ وەك مەزنترین ساختەکاری جیهان بناسێنرێ!!

ڕۆژنامەکە بەگوێرەی ساڵ، کارە سەمەرەکانی کاکیلۆی داناوەو جگە لە گرتن و سنورداشکردنەوەکانی پێشووی چەند



جارێك لە نیوان ئەمریکاو بریتانیا و فەرەنسا، باسی لەوەش کردووە کە ساڵی ١٩٢٦ لە بەرلین دەرکەوتووە بەجلوبەرگی میللی کوردییەوەو ویستویەتی نمایشێك سەبارەت بە سینەما لەکوردستان پێشکەش بکات!! پاشتر لەساڵی ١٩٢٧دا، لەئەمستەردام لەئاهەنگێکدا وەك میری کوردان پێشوازیی کراوە!! هەروەها لە١٣ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٨یش لە ئۆتێلی لاهای دەستبەسەرکراوە، گوایە لەکاتی ڕۆیشتندا جانتاو کەلوپەلەکانی نەبردووەو ئۆتێلەکەش گومانیان لێکردووەو پۆلیسیان لە کاکیلۆی (میری کوردستان) ئاگادارکردۆتەوە!!






شانۆنامەی (میری کوردان)

وەرگرتووەو پارەکەی نەداونێ و پسوڵەی پێداون هەندیکی لە لای پاریزەرێکەوە لە واشنتۆن و ئەوی تریشی لەبانکی عوسمانی لە بەغداوە سەرف دەکرێ!! کە دواجار لەکۆگایەك کەویستویەتی کەلوپەل بەرێت لەلایەن ژنیکەوە ناسراوەتەوە، ئەو ژنە پێشتر وێنە و چیرۆکی کاکیلۆی لە رۆژنامەکاندا بنیوە!!

کاکیلۆ رووی دەمی کردبووە کارمەندی داواکاری قەرزەکان و دەیوت: هەتیو وریابە بزانە لەگەل کێ قسان دەکەی! من میرم میر ! خوینی پاشایەتیی لە شادەمارەکامندایە!!

کاتێك بەڕیوەبەرەکە لی پرسی تۆ کێیت؟!، وتی : من میری کوردستان و نوێنەری حکومەتی میسۆپۆتامیام لەو وڵاتەو ئەوەش لەبیر بێت من میریشم!!

بەگوێرەی دەسەڵاتدارانی بەڕیوەبەرایەتی کۆچ ، کاکیلۆ لە دیسەمبەری ١٩٢٢ دا لەئەمریکا هەلاتووەو دواتر لە جوڵای ١٠٢٤ گەڕاوەتەوە و یەکسەر چۆتە هۆتێلی (باکووری مەزن) بەڵام رایان نەگرتووەو ئەو شەوە لە تەکسییەکدا خەوتووە!!

بەگوێرەی رۆژنامەکە ،کاکیلۆ لە کوردستانی دایکی نیشتیمان ، گوایە ٣٢٠٠٠ سەرحوشترو مەڕو ٢٦٣٠٠٠ دۆلاری هەیە!!

بەهەرحاڵ ، خاوەن قەرزەکان تەواوی کەلوپەلەکان و پۆشاکەکانیان لە کاکیلۆ سەندۆتەوەو تەنانەت سەعتەکەی و نیشانەکانیشیان لێ سەندووە، کاتیك یەکێیان پرسیویەتی ئەم نیشانە چییە؟!! کاکیلۆ وتویەتی: ئەمە ئەستێرەو نیشانەی پێگەکەمە، من میری کوردستانم!!



- جا برا کوردستان وڵاتێکی سەبەرخۆیە حکومەتیکی هەبێ؟!!

کاکیلۆش بەتوڕییەوە و بەدەنگی بەرز وتویەتی : من دەڵێم وایە!

ولیەم جۆنسۆن کۆمسیاری باڵای بەڕیوبەرایەتی کۆچ لە بەلتیمۆر لەگەل پۆلیسی فیدراڵی کەیسی کاکیلۆیان تاوتوی کردووە، پێی وابووە کە لەوەدەچێ دووریی حوشترەکان خراپ کاریان لەسەر ناوبراو دانابی بۆیە بڕیاری ئەوەیان داوە خاوەن شکۆ!! رەوانەی لای حوشترەکانی بکەنەوە!!



# Immigration Men Seek the Emir

## Authorities Want to Send Prince Mohammed Back to His Camels in Kurdestan.

Tucked away in some corner of this great city there is a little man with a sharply waxed mustache who calls himself "Prince Mohammed Said Kakelo Zerdecheno, Emir of Kurdestan." He is wanted by the immigration authorities, who have been asked to deport him—despite the fact that such action would make him the most often deported man in the whole world. It is said England, France, Turkey and Greece have turned him away from their shores.

"For the past few weeks life hasn't been so pleasant for this self-styled "descendant of the Pharaohs of Egypt." Upon arriving in Washington to call upon the Secretary of State he was thrown into jail on charges of vagrancy and pending an investigation of his passports. He managed to be released on bail and came to New York. Hotels have turned their shoulders to him and more recently Fifth avenue department stores where he wanted to order hundreds of dollars worth of clothing refused to accept his credentials. It was a bitter blow to one who loved clothes.

When this gentleman turns up or is turned up by Federal agents he must hie himself to Washington. William Johnson, Immigration Commissioner at Baltimore, has recommended Zerdecheno's deportation, but the Labor Department will permit His Royal Highness to appeal to the Board of Review before a warrant ousting him from these United States is issued.

**His Most Recent Misadventure.**

Zerdecheno's most recent misadventure was in a Fifth avenue department store, where he ordered but never received nearly $1,200 worth of clothes, shirts, socks, union suits, shoes and a riding crop and had taken away from him because he could not produce $48, a wrist watch, a cigarette holder and a fountain pen.

He appeared in the general offices of this store a week ago, and after having [illegible] several officials who failed to address him as "Your Royal Highness," opened up an account with the credit department. For references he gave a lawyer in Washington and the Ottoman Bank in Bagdad. Then he proceeded to order to his heart's content.

Employees of the store were thrilled to wait on His Royal Highness, who appeared mysteriously from time to time from apparently nowhere, since he never revealed his local domicile. Then one little saleswoman recognized him as the chap whose pictures were printed so often. An investigation revealed that His Royal Highness had been refused credit at another Fifth avenue store.

So on Tuesday afternoon, when he turned up for a fitting he was interrogated by the credit manager of the store, where his bill would have to-[illegible]

**Asked About Jails.**

"Be careful how you spik wid' mee," Zerdecheno cried when the credit man became aggressive. "I am a Preence. I have royal blood in my veins."

"Who are you anyway?" the exasperated manager asked.

"I am the Emir of Kurdestan, official representative of the Mesopotamian Government in this country. I am a Preence, too—don't forget it."

"Weren't you in jail in Washington recently?"

"Oh, yes, for a leetle while. [illegible]"

[illegible] "we feel that your reputation doesn't warrant credit in this store," Zerdecheno was told. "Will you kindly pay for that wrist watch you are wearing and that cigarette holder in your mouth or return them at once."

Zerdecheno's eyes blazed. He offered a check on some international bank, but it was refused since he had no one on hand to identify him. Then he removed his timepiece and with the cigarette holder and pen handed it to the credit man.

"What's that big star you wear?" the credit man asked, pointing to a huge sunburst fastened to Zerdecheno's vest like a fraternity pin.

"[illegible] I am Emir of Kurdestan."

"Is Kurdestan a bona fide country with a government?"

"I say so!" snapped his eminence, who then departed in high dudgeon.

He threatened to return and pay for the $800 worth of merchandise, but up to the present he hasn't done so.

# SILK STRIKERS' CASE ADJOURNED

## 107 Paterson Picketers Held for Refusing to Disperse.

**Book Exhibition Closes Sept. 14.**

The exhibition of the Arts of the Book at the Metropolitan Museum of Art, which has attracted much attention, closes on September 14.

Store Open

Radio Department Has Moved to the Fifth Floor, East Building, Center, Right at the Head of the Escalator

His First Long Trouser Suit

"Sackville J

Two Trouser Suits

These suits are tailored in thor collegian models—trousers ar and full, the coat is plain and less. Two and three button

Single and Double Brea

We offer these suits in a wide variety Fall fabrics, including serges, cheviots and homespuns, in blues, grays, bro Scotch granite mixtures.

$28.50 to $39.

A Necessity for School Sports

SHAKER SWEATERS

$7.94 For Sizes 28 to 34

$9.74 For Sizes 36 to 46

Big roomy, comfortable coat style sweaters. Attractive weave with wide roll collar. Two pockets. A full range of colors including Autumn shades.

20% Reduction On All Steel White Enamel Case



# کاکیلۆ لە کوردستان لەدایکبووە!

لاری بواردمان، بابەتێکی هەواڵیی لەسەر زەردەشینۆ سەعید کاکیلۆ بەناونیشانی " پێویستە میر لەسەر زەریا بژی و هیچ کەس نایەوێ" لەرۆژنامەی ( LOCKPORT UNION SON AND JOURNAL ) ئەمەریکیدا لە ئەپرڵی ١٩٢٥دا، بڵاوکردۆتەوە، بەبابەتەکە بەچەند وێنەیەکی کاریکاتێریی قۆناغەکانی گرتن و سنورداشکردنەوەو گێڕانەوەی کاکیلۆ(میری کوردستان) ڕووندەکاتەوەو دەڵێت کە پاش ئەوەی لەئەمەریکاوە سنورداشی بریتانیا کراوەتەوە، لەوێوە ناردوویانەتەوەو ئنجا ویستراوە رەوانەی فەرەنسا بکرێت، ئەوانیش وتویانە بابەگیان شتی وامان بۆ مەنێرن و ئەمەێستا نە ئەوەیە بتوانێ لە ئەمەریکا بمێنێتەوەو نە ئەوەشە بتوانرێ رەوانەی شوێنیکی دیکە بکرێ، وا بڕوات ئەبێ تەواوی ژیانی هەر بەرێگەی دەریاوە بێ!!

بەگوێرەی بابەتەکە، مستەر جۆرج سی تۆڵمانی جێگری بەڕیوەبەرایەتیی کۆچی ئەمەریکی رایگەیاندووە کە ئەمەریکا گوێ بەوە نادات ئەم پیاوە چی لێ دەکرێ ، گرنگ ئەوەیە پارەو قەرزەکانی بداتەوەو چ کەشتییەك هیناوێتی با هەر ئەویش بیابەتەوەو خەرجی سەفەرەکەشی لەسەر ئەو کۆمپانیایەبێ کە هێناوێتی!

بەگوێرەی هەواڵەکە، پاش رەتکردنەوەی فەرەنسا، لەوانەیە گەشتی داهاتووی کاکیلۆ بەرەو تورکیا بیت، چونکە بۆخۆی لە کوردستان لەدایکبووەو کوردستانیش هەریمیکە لە ئیمپراتوریی عوسمانیی، بەلام لەوەدەچێت تورکان نەك هەر



پێشوازیی لە رۆلەکەی خۆیان نەکەن بەڵکو بە لەیاسادەچووشی لەقەڵەم بدەن!!

دواتر بواردمان باسی رابردووی کاکیلۆ دەکات چۆن پێش چەند سالیك چۆتە ئەمریکا و بۆخۆی خواردویەتی و خواردویتییەوە و لەگەل ژنان و چینی باڵای سەرەوەی کۆمەلگا پەیوەندیی هەبووەو سەردانی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان و وەزارەتی دەرەوەشی بەنازناوی (میری کوردستانەوە) کردووە!



EMIR MUST LIVE ON OCEAN---NOBODY WANTS HIM

DEPORTED TO ENGLAND and SENT BACK.

FRENCH AUTHORITIES HANG OUT "UNWELCOME" SIGN

ARRESTED BY IMMIGRATION AUTHORITIES

DUE FOR LIFE ON OCEAN WAVES

AS "EMIR of KURDISTAN" HE IS LIONIZED by SOCIETY

MARRIES KENTUCKY GIRL

CALLS at WHITE HOUSE

The EMIR of KURDISTAN or "PRINCE of EGYPT"

By LARRY BOARDMAN,

NEA Service Writer.

Washington, April 17.—His Highness Seid Zerdocheno, "Prince of Egypt" and "Emir of Kurdistan," seems due for a life on the ocean waves and a home on the rolling deep—with the White Star steamship line footing the bill.

Ordered deported from America, his various other countries won't let him in.

He can't stay here—and he can't go anywhere else!

All of which is causing U. S. immigration authorities no concern at all, and neither does it appear to bother his highness.

But according to George C. Tolman, assistant commissioner general of immigration, it is something for the White Star line to worry about.

"They brought him here," said Tolman, "and they've got to take him away.

"We don't care what they do with him—but they'll have to keep on paying his expenses until they do it."

**Deported to England.**

The prince, emir, or something else, was deported to England about a month ago.

The British authorities sent him back.

Now he's waiting to be deported to France, where he lived at one time.

But French officials say the welcome will be erased from the doormat if an attempt is made to take him

After his trip to France, indications are his next voyage will be to Turkey, as he was born in Kurdistan, now a province of the Ottoman Empire.

The Turks, however, are evincing no signs of staging a Prodigal Son Return Celebration upon his arrival.

Instead, they have declared him an outlaw!

Zerdocheno came to this country [illegible] swath with his various high-sounding titles.

As Emir of Kurdistan he was dined, wined and generally lionized by society.

He married, and for a time settled down in Kentucky, his wife's native state.

When the Princess Fatima, Sultana of Afghanistan, visited America, he accompanied her party as heir to the Egyptian throne.

He called at the White House, and also visited the State Department to establish his claim to royalty.

**A Bad Move.**

This last proved to be a false move. The State Department looked him up—and his courtly presence was soon gracing the District of Columbia jail!

Immigration authorities made the arrest at the Egyptian legation, where they found him further pressing his claim.

"He was a clever faker," said Tolman, "living off his self-manufactured titles.

"He had no money, and he wouldn't work. That made him a public charge, and we ordered him deported.

"According to law, the return expenses of an undesirable alien must be paid by the steamship company which brought him over.

"That puts it up to the White Star line.

"All we're concerned with is that he doesn't stay here—and we'll see to it he doesn't do that!"

And in the meanwhile, Zerdocheno, assured of free meals and a place to sleep, is placidly preparing for an indefinite period of ocean travel.

**کاکیلۆ (میری کوردستان) راوچییەکی چاوتیژی خانمان!**

پاش بڵاوبوونەوەی ناو و ناوبانگی کاکیلۆ(میری کوردستان) وەك ساختەكارێکی ناسراو، رۆژنامە رۆژئاواییەکان بەچڕیی باس و هەواڵی ئەم میرە ساختەیەی کوردستانیان رادەگوێزا و هەوڵیان دەدا زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیتیی ژیان و فیڵەکانی بڵاوبکەنەوە. لەم بارەیەوە، گۆڤاری (Syracuse Journal) ئەمەریکیی لەساڵی ١٩٢٧دا، بابەتێکی لەسەر کاکیلۆ بڵاوکردۆتەوە کە تیشکی خستۆتە سەر پەیوەندییەکانی میری کوردستان بە خانمان و چۆنێتیی هەڵخەڵەتاندنیانەوە!

بابەتەکە سەرەتا باس لە خاوەنشکۆ زەردەشینۆ میری کوردستان و خولیاو پەیوەستی بە ئۆتێلە گرانبەهاکان و کۆگانی فاشیۆنی پۆشاك دەکات و ئنجا دەڵێت بەڵام ئەم میرە ساختەیە ، چونکە نە میرنشێنیك بەناوی کوردستانەوە هەیە و نە هەرگیز میرێکیش بەناوی کوردستانەوە هەبووە!!!

پاشتر باس لەگرتنی کاکیلۆ دەکات کە چۆن پۆلیس لە ژووری هۆتێلەکەدا چەند دەستە پۆشاکی سەربازیی و نیشان و مەدالیای ساختە دۆزیوەتەوە کە کاکیلۆ بۆ کاری هەڵخەڵەتاندن و ساختەکاریی بەکاری هێناوە!

هەروەها بەگوێرەی ئەم گۆڤارە، کاکیلۆ ١٠ ساڵپێشتر کە بەرگدروو بووە، سوودی لەکارەکەی بینیوەو چەند دەست قاتی بۆخۆی کردووەو بەبەکارهێنانی ئەو نیشانە ساختانە تیکەڵ بە بژاردەی باڵای کۆمەڵگاو فاشینۆنخوازەکان بووە،



ئەوانەی بەچاوی رێزەوە دەڕواننە پێگە ئەرستۆکراتیی و شاهانەکان!

هەروەها گوایە، دوای دورینی ئەو پۆشاکانە ئنجا کاکیلۆ بەدوای ناونیشانێکدا گەڕاوەو بۆ ئەو مەبەستەش سوودی لە نەخشە وەرگرتووە. سەرەتا کاکیلۆ لەلەندەن ویستویەتی خۆی وەك میری ئەفغانستان بناسێنێ! بەڵام پاش ئەوەی رۆژنامەکانی لەندەنی خویندۆتەوەو هەواڵی ئەوەی زانیوە پاشای ئەفغانستان سەردانی لەندەن دەکات، نەخشەکەی هێناوەتەوە پێش خۆی و جوان گەڕاوە بەدوای وڵاتێکداو کوردستانی کەوتۆتەبەرچاو! جا چی لەوە باشترە! ئیتر خۆ ناوێکیش بەناوی (میری کوردستان) نەبیستراوە!بەڵام بۆ نکۆڵیی کردن لەمە دەتوانری بوترێ کە کوردستان بەشێکە لەئێران و ئێرانیش لەلایەن شاوە فەرمانڕەوایەتیی دەکرێ، کوردستان نە میرنشێنیکەو نە دەوڵەتیکی سەربەخۆشە تا لەلایەن فەرمانڕەوایەکی خۆماڵییەوە بەڕێوەببرێت!!

گۆڤارەکە دەڵێت کاکیلۆ بەم کارەی دەرفەتی بۆ رەخساوە تیکەڵ بەچینی باڵای کۆمەڵگا بێت و لەبۆنەو یاد و کۆبوونەوەکاندا وەك میری کوردستان و میوانی شەرەف لەسەر خوانە رازاوەکان دەرکەوتووە!

ئنجا گۆڤارەکە دیتە سەر پەیوەندیی کاکیلۆ بە خانمانەوەو دەڵێت:" تاقە ژنێك کە کاکیلۆ لێی دەترسا (مسس ئیرینا ریچ) بوو، کاکیلۆ لە یەکیك لەگەشتەکانیدا ویستبووی لەم خانمە نزیك بیتەوە، بەڵام ئەو بەزمێکی سەیری بەسەردا هێنابوو، ئەوەش وایکردبوو کە کاکیلۆ لەهەر شوینیکی ئەم گەشتە ئەم ژنەی ببینییایە خۆی لی دەشاردەوە"!

هیچ یەك لەو خانمانەی کاکیلۆ دایدۆشیبوون نەیانتوانیبوو ڕەوانەی زیندانی بکەن و بەدرۆکانی هەڵیخەڵەتاندبوون، تەنانەت خانمە خنجیلانەکەی کنتاکیش(کیتی سپیگلی) کەشووی بەمیر کردبوو، پێی وابوو میر خاوەنی ٨٠٠٠٠ حوشترە. تەنانەت هیچ کێشەیەکیشی نەبوو کاتیك میر بەشیوەیەکی رەق و نالەبار و بەرەواڵی موسولمانیك تەڵاقی دابوو بەوەی نامەیەکی بۆناردبوو وەك تەڵاقنامە تا لەیابوونەوەکە ئاگاداری بکاتەوە و پێی بڵێ " لێرەوە بەدوا تۆ تەڵاق دراوی"!!

ئەوە تەنیا پیاوان بوون کە لەعۆیەی ئەم میرە دڵڕەق و ساختەچییە هاتن و جوان و زەریف لەو بەرازییە هینایانە خوارەوە کە پیایدا هەڵگەڕابوو و خستیانە کوچی زیندان و لەوڵاتەکانیان سنورداشیان کردەوە!

پۆلیسی فەرەنساش لەنیس جارێکی تر لێپێچینەوەیان لەم ساختەکارەکرد، پاش ئەوەی میر هەڵەیەکی لە بەستنی نیشانەکانیدا کردبوو، بەشیوەیەك دوونیشانی لەکاتێکدا بەسنگیدا هەڵواسیبوو کە هەر یەکەیان بەرجەستەی پێگەیەکی تایبەتی ئەکرد و ئەوەش رۆژی بەدبەختیی میرە ساختەکارەکە بوو!

ئەم گرتنە، پاش ئەوە دێت کە میر پێشتر لەچەند کاریکی ساختەکارییدا سەرکەوتووبوو، بەجۆریك تا گەیشتنە کۆشکی سپی و چاوپیکەوتنی لەگەڵ سەرۆك هاردینگ رۆیشتبوو!، لە نیسیش ، میری کوردان مرخی لە خانمە بیوەژنێکی یۆنانیی دەوڵەمەند خۆشکردبوو بەناوی (ممی زایرێ ئۆپەلۆس)! کوردستان فرە لە ریڤاریاوە دوورە، خۆئەگەر بیهینێت و مارەی بکات ئەوا دووسالیکی پی دەچێت تا بۆی دەردەکەوی



کە کاکیلۆ تەنیا میری بەرگدرووانە! ئەو ماوەیەك بۆخۆی لەو پارەو نازونیعمەتەی بیوەژن دەلەوەڕێ!

کاکیلۆ پیش ئەوەی هەڵمەتی خۆی بەرێ ، خاڵی لاوازی خانمە یۆنانییەکەی دۆزیبۆوە، کە هیچ لەبارەی ئەسپسوارییەوە نازانێ و خولیای سوارچاکان دەکا، کاکیلۆ خێرا زینێکی پەیدا کردبوو، گوایە شاسوارێکی لێهاتووە هەروەك هەموو کوردان بەو شێوەیەن، ئەویش یەکسەر دڵی بەمیردا چوو بوو، پاش ئەم کاریگەریی و لێکنزیکبوونەوەیە، ئیدی هەموو رۆژێك پیکەوە دەبینران و کاکیلۆ هەر رۆژەی بە پۆشاکێکی کەشخەی سەربازیی نوێ و نیشان و مەدالیایەکی بریقەدارو سەرنجراکێشەوە خۆی پێشان دەدا!!!

ئەو خانمەش بەشێوەیەك دڵی بەمیری قیت و سمێڵە قنج و شان و باڵیدا چووبوو، دەترسا لەوەی خانمانی دیکە میری لێ بفرێنن، هەربۆیە بڕە پارەیەکیش کەمیشی دابوویە، چی تێدایە، خۆشحاڵ بوو پارە بداتە کەسیك خاوەنی ٣٠ هەزار سەر حوشترو ئەو هەموو سەروەت و سامانە بیت و ساڵانە سامانیکی باش لە زەوی و پاوانەکانی وەربگرێت!!

هەموو شتەکان بەرەو ئەوە دەڕۆیشتن هاوسەرگیرییەکە ئەنجام بدرێ ، خاتوو زایرێ زۆر حەزی بەوە دەکرد شاسواری ئایندەی خۆی لەمەیداندا ببینێ، هەربۆیە ئارەزووی ئەوەیکرد کاکیلۆ بەشداری لەو پێشبڕکێیەدا بکات کە (گراند پریکس میلیتاریا) خوازیاربوو بۆ شاسوارانی جەنگی رێکبخا!

کاکیلۆ لەترسی ئەوەی خاتوو زایرێ دڵی لێی کرمێ نەبێ، بەشداریکردنی لەو پێشبڕکێەدا پەسەندکردبوو! رۆژی پێشبڕکێکە، خاتوون و خزمانی چووبوون لەباشترین شوینی

هاندەراندا دانیشتبوون و چاوەڕیی دەستپیکردنی پێشبڕکێکەو بەشداری کاکیلۆ بوون! پێشبڕکیکە لە ٣ خول پێکدەهات کە بەدەوری ستادیۆمەکەدا ئەنجام دەدرا، سەرەتا سوارەکان و ئەسپەکانیان هاتبوونە نیو گۆرەپان و چ خەبەریك لە کاکیلۆی شاسواری کوردستان نەبوو!! سوارەکان خەریکی غاردان بوون، دەبینن کاکیلۆ بەسواری ئەسپێکەوە بە نەرمە غارو شکۆیەکەوە دەردەکەوێ و چاوەڕێ دەکات هەتا سوارەکانی تر خولی دووم تەواو دەکەن، ئەنجا خۆی پیادەکات و پێشدەکەوێ بەرەو خاڵی کۆتایی!! ئەم کارەی کاکیلۆ هەراو نارەزایەتییەکی گەورەی هاندەرانی لیدەکەوێتەوەو هەندێکیان دەیکەن بە پێکەنین و قاقا، بەڕێوەبەرانی پێشبڕکێکە ویستبوویان ریگریی لێبکەن بەڵام کاکیلۆ بەرگەی شکۆمەندیی و میرایەتیی پێشاندابوون و ئەوانیش نەیانزانیبووی چی لەگەڵ بکەن، وتبوویان ئەمە پێچەوانەی رێسای پێشبڕکێکەیە! ئەویش زۆر بەشانازییەوە وتبووی:
"لەوڵاتەکەی مندا ، میر مافی ئەوەی هەیە لە هەموو شتیکدا لەپێشەوە بێ! لە پێشبڕکیدا، لەشەڕدا و تەنانەت لە بووك گواستنەوەو زەماوەندیشدا"!!!!!!!!!

پاشتر گۆڤارەکە، باس لەچیرۆکی پێشینەی کاکیلۆو هاتوچۆکانی لەنیوان ئەوروپاو ئەمەریکادا دەکات، چۆن لەبریتانیا و لەشاری لەندەن بەناوی جەی ، ئەی بێنسۆن هوە کاری بەرگدروویی کردووەو لەوێوە چۆن چۆتە ئەمەریکاو پاشتر چۆن سنورداش کراوەو چۆن دیسانەوە گەراوەتەوە ئەمەریکا بەڕیگای کەنەدا، دواتر چۆن سنورداشی بەلچیکا کراوەو لەبەلچیکاشەوە بۆ بەرلین و لەم بارەشدا چەند جاریك ناوینشانەکەی خۆی گۆڕیوە! هەروەها لەبەرلین ساڵیك لە



زینداندا بووەو لەوێش بێوەژنێکی دەوڵەمەندی دۆزیوەتەوەو ماوەیەك لەنازو نیعمەتدا بووە!

پاش ئەو رووداوانە، گۆڤارەکە باس لەوەدەکات چۆن کاکیلۆ لە نیس بۆتە جێگای گومانی پۆلیس بەهۆی بەستنی نیشانێکەوە، دواتریش خاتوو زایرێ هەواڵی ژن و خانمەکانی تری ژیانی کاکیلۆ دەبیستێتەوەو لەسەر ئەوە خزمانی لێی دەکۆڵنەوە، لەوەڵامدا کاکیلۆ دەڵێت: ئەوە راستە من لەئەمەریکا خاتوو سپیگلیم هێناوە بەڵام بەشەرع و قورئان و دەستووری موسوڵمانان لێی جیابوومەتەوە"

دواتر کە پۆلیس کاکیلۆ قۆڵبەست دەکەن و دەست بەسەر شتەکانیدا دەگرن، لەوانە دەفتەری تێبینییەکانی، دەبینن ناو و نیشان و تایبەتمەندی چەندین خانمانی لەخۆگرتووە، حەزیان لەچییە، خاڵی لاوازیان چییە، !! سەیر ئەوەیە لەو لیستەدا ناوی خاتوو زایرێش لە کۆتاییدا بووە کە لەپەنایدا نووسراوە:

" ممی زایرێ ئۆپەڵۆس: گەنجە ، خەلکی یۆنانە، جوانە ،هەرچەندە بیوەژنیشە زوو زوو بەمەکرێکەوە دەڵێت : ئۆە ، چی ئەبێت ئەگەر ئێستا مێردەکەم بێت!!!؟شێتی ئەسپ و بەرگی سەربازیی و نیشان و مەدالیایە ، ٧٥٠ فرەنکی لێوەرگیراوەو باشتروایە هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکرێ!!!"








# "His Majesty the Emir of Kurdistan" in Jail Again

## The Famous Adventurer and Bogus King Unmasked and Locked Up in Nice Just as He Was About to Marry a Rich Widow

"His Majesty, the Emir of Kurdistan," and Miss [illegible] Taking a Stroll on the Fashionable Promenade at Nice, France. It Was Miss [illegible] Who Nearly Married the Adventurer.

Miss Irene Rich, the Well-Known Actress, Whom the "Prince" Tried First to Fascinate and Then to Hide From.

"Prince" [illegible], the Emir, and His American Wife Leaving the White House After Having Been Received by the Late President and Mrs. Harding.

Mrs. Maxine [illegible] Culver, the Wealthy Chicago Beauty, Whose Engagement to the Bogus Emir Was Announced by Her Proud Mother—But They Fortunately Found Out That He Already Had a Wife or Two.

## کاکیلۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەرکەوتەوە

پاش حەوت ساڵ لە سنورداشکردنەوەی کاکیلۆ(میری کوردستان) و بێدەنگی رۆژنامەکان، جارێکی تر رۆژنامەیەکی ئەمەریکیی بەناوی ( TIMES-UNION, ALBANY, N. Y.) لەبەرواری ٢٠ی جوڵای ١٩٣٣دا، و لەژێر ناونیشانی ("میر" لەپرسگەی ئاهەنگی بالبو، قۆڵبەستکرا)، هەواڵی دەرکەوتنەوەو قۆڵبەستکردنی کاکیلۆی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بڵاوکردەوە.

هەواڵەکە باس لەوە دەکات، کە دوێنی کەسێکی قۆزی رێکپۆش بە بەرگێکی سەربازیی زەیتونی و نیشانەیەکی زێرین و فێسێکی جەرگیی و جووتێك دەستکێشی زەردەوە، کە جووتێك پوتی درێژیی ئەسپسواریی لێهەڵکێشاوە، لەبنکەی پۆلیس بووەو لەگەڵ لێکۆڵەری پۆلیس (گالاغەر) باسی لەوەکردووە کە دوێنی شەو لە بنکەی سەرەکیی بەرێوبەرایەتیی هۆتێل (ئیتالۆ بالبۆی گەورە) دەستبەسەر کراوە، ئەو لەکاتێکدا، خەریکی تەوقەکردن بووە لەگەڵ پاڵەوانی ئاسمانی ئیتالیی دا، لەلایەن لێکۆڵەرەوە بەتاوانی پێشێلکردنی یاسای (سۆلیڤانی دژە جەنگی) تۆمەتبارکراوەو گۆچانەکەی کاکیلۆی گرتووەو قۆڵبەستیان کردووە.

ناوبراو خۆی وەك محەمەد رەشید میری کوردستان ناساندووەو وازانراوە کە لە(دیترویت) لەدایك بووەو ئەو وتی کە بەڵگەی ئەوەی هەیە کە لەوکاتەدا لەدایکبووە کە دایك و باوکی لەریگای سەردانی ئەمریکادا بوون.



"میر" ئەوەی رەتکردەوە کە هەرگیز پێشتر دەستبەسەر کرابێت و ئەو تۆمارەشی بەدرۆ وەسفکرد کەلەلایەن لیکۆڵەر گالاغەر سەبارەت بە رابردوو و دەستبەسەرکردنەکانی لە لەندەن و بەرلین و پاریس، لەسەر ساختەکاریی، خوێنرایەوە. ئەو وتی تەنیا ساڵی پێشوو لەبەرلین کێشەیەکی لەگەل پۆلیس هەبووە، ئەویش لەسەر پاسپۆرتەکەی بووە!

کاکیلۆ، وتویەتی گوایە دوینی شۆفێرەکەی بردوویەتی بۆ مەیدانی (فلۆید بێنینت) بۆئەوەی پیرۆزبایی خەلکی کوردستان بگەیێنێتە ئەو فڕۆکەوانە ئیتالییەی کە گەیشتۆتە شیکاغۆ!

کاکیلۆ گلەیی لەوەکردووە کە لیکۆڵەر گالاغەر دارعاساکەی لێ سەندووە، ئەو دارعاسایەی بەشێکە لەو پۆشاك و بەرگە سەربازییەی کە یەکتری تەواو دەکەن و لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە پێی رەوابینراوە!!

پاشتر کاکیلۆ رەوانەی دەستەی کاروباری بیانییەکان کراوەو لەوبارەیەوە لیکۆڵینەوەو لێپرسینەوەی لەبارەوە کراوە کە بزانرێ بەچ شێوەیەك و چۆن داخڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە!

**سەرنجی (جاك هێنری) لێکۆڵەر سەبارەت بە کاکیلۆ (میری کوردستان)**

لەدرێژەی ئەو نووسین و بایەخانەی ڕۆژنامەکانی بریتانیا سەبارەت بە کەسایەتیی و کەیسی کاکیلۆ (میری کوردستان)، جاك هێنری لێکۆڵەری پێشووی بەشی ڕۆژهەڵات، لە بنکەی سەرەکی پۆلیسی لەندەن، لەسەروبەندی هەڵگیرساندنی دووەمین جەنگی جیهانیدا، وتارێکی دوورودرێژی لە ڕۆژنامەی ( THE MANCHESTER EVENING NEWS) دا، لەبەرواری ١٨ی یەنایەری ١٩٣٩ ، لەژێر ناونیشانی " ئەو ئوتوچییەی جیهانی خەڵەتاند"بڵاوکردۆتەوە کە زانیاری وردی لەبارەی کەسایەتیی کاکیلۆوە پێشکەش کردووە کە جێگای سەرنجە.

هێنری، سەرەتا بە شێوەوو نازناو و ناونیشانانەکانی دەستپێدەکات، کە کاکیلۆ بۆخۆی داتاشیبوون: " خاوەنشکۆ میری کوردستان، نوێنەری زۆر نائاسایی و باڵا، نەوەی هارونە ڕەشیدی بەغدا، پیاوێکی جێنتڵمان و شکۆمەند هەر لە شەبقە پۆڵیشکراوە ڕەونەقدارەکەیەوە تاکو پێڵاوە بریقەدارە بۆیاخکراوەکانی. ئەوەی بەهەموو تەمەنم لەگەڵ پیاوێکی ئاوا جوانخاس و بەویقاردا بەشەقامدا ڕێم نەکردووە."

"ئەو شەپقە ئاوریشمییەکەی بەدەستییەوە گرت و تۆزێك نەوییەوەو وتی: زۆر سوپاس میستەر هێنری، من باش دەزانم ئەوە هەڵەی تۆ نییە و هەمووی لەبن سەری ئەو خاوەن هۆتێلە گەمژانەدایە، ئێستاش تێناگەم چۆن کارێکی بەو شێوە منداڵانەیەیان کردووە."



" زۆر گوێ مەدەرێ خاوەنشکۆ"، منیش بە حورمەتێکەوە وا وەڵامم دایەوە. میری کوردستان، پاشای ساختەکاران، ئەوەی هەموو جیهانی خەڵەتاند، لە کونجی زینداندا توند کرابوو."

هێنری بەردەوام دەبێت و دەڵێت کە من و کاکیلۆ بووینە باشترین هاوڕێ، چونکە من هەمیشە بە (خاوەنشکۆ) بانگم دەکرد کە زۆری پێ خۆش بوو.

دواتر باس لەوەدەکات کە چۆن کاکیلۆ لە ١١ی مارتی ١٩٢٣دا، گەیشتۆتە لەندەن و چۆتە هوتێل ساڤۆی و پاسپۆرتەکەی پیشانداون گوایە موڵك و ماڵێکی زۆری لەکوردستان هەیە. هەروەها ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە کاکیلۆ پێی وابووە خاوەن هۆتێلەکە بەداواکردنی دانی پارەی پسوڵەکان، سوکایەتییەکی گەورەی بە میری کوردستان کردووە، بەدکارییەکی وا کە پێشتر هەرگیز کەسی دیکە لەهەمبەری نەکردووە، چونکە پێی وابووە مەسەلەیەکی وا بەمانای گومانکردنە لەوەی کاکیلۆ میری کوردستانە. دواتریش کاکیلۆ ئەو هۆتێلەی جێهیشتووەو چۆتە هوتێل هایدپارك، لەوێش بەهەمان شێوە خواردویەتی و خواردویەتییەوە، تا خاوەن هوتێلەکە دوای پارەی لێکردووە، کاتێك کاکیلۆ ڕازی نەبووە پارە بدات، پەیوەندییان بە پۆلیسەوە کردووە.

ئەو کات، هێنری یارمەتیدەری میستەر ئێرنیست هیڵ بووەو بەرپەرسی سەرەکیی بەشی ڕۆژهەڵاتی پۆلیسی لەندەن بووەو هەستاون چونەتە هایدپارك بۆ لیکۆڵینەوە لە کاکیلۆ(میری کوردستان).

کاکیلۆ بەهاتنی پۆلیس زۆر تووڕە ببوو، پەنجی ڕاوەشاندبوو بەبەڕێوەبەرانی هایدپارکی وتبوو : بەڕاستی ئێوە شایەنی ئەوە نیین کە کەسایەتییەکی خاوەنشکۆی وەك منی میری کوردستان ، دیپلۆمات و ملیۆنێرو و هاوڕێی پاشاو سەرۆکەکان، لەلاتان بمێنیتەوە!!

هێنری دەڵێت کە ئێمە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە کاکیلۆ لەسەر خۆی و کوردستان باسی دەکردن، ناچاربووین پەنا بۆ باڵیۆزخانەی تورکیا بەرین، بەو هۆیەی کە ئەو کاتە لەکوردستان شەڕو هەرابووەو ئاسان نەبووە بتوانن ڕاستەوخۆ دەستیان بەراستییەکان بگات. میریش شوێنیکی لەوە باشتری نەدۆزیبۆوە کە بلێ گوایە لەوێوە هاتووم، ئێمەش نەمادەتوانی ئەوە بسەلمێنین کە کەسێکی بەم چەشنە نییە کە میری کوردستان بێت.

هێنری دەڵێت :" ئەو ڕاستییانەی میر سەبارەت بەو وڵاتە(مەبەستی کوردستانە) پێشانی دەدان بنەڕەتیی بوون و بەزمانی کوردیی و تورکیی و ئینگلیزیش قسەی دەکرد و هیندە زیت و لێزان بوو زۆر لەوە دەترساین ئەگەر قۆڵبەستی بکەین، کارێکی هەڵەشەمان ئەنجام دابێت."

دواتر هێنری باسی گرتنی کاکیلۆ دەکات، دەڵێت فرە بە ویقارو کەشخەییەوە لەگەڵمان هات، بە پۆشاکێکی سەرنجڕاکیش و چاکەتێکی فش و پانتۆڵێکی خەتخەت و شەپقەیەکی گرانبەها، زوو زوو کلاوەکەی دادەگرت و سڵاوێکی فەرمیی دەکرد، تەنانەت بۆ ئەفسەرە گەنجەکانیش کلاوەکەی لەسەر دەهێنایە خوارو سڵاوی لێدەکردن. ئەو لەدادگا باسی لەوە کردووە کە هاتۆتە لەندەن بۆ چاوپێکەوتنی سکرتارییەتی لۆرد کیرزن بەئامانجی جێبەجیکردنی پلانێك



سەبارەت بە ژیاندنەوەی پاشایەتیی لە کوردستان. سەرئەنجام زانراوە کە میر ناوی یەندەچینۆ یان زەردەشینۆ محەمەد سەعید کاکیلۆیە و بەشەش مانگ زیندان و سنورداشکردنەوە سزادراوە، پاش شەش مانگ زیندانیی، سنورداشکردنەوەکەی جێبەجێنەکراوە، بڕیاردراوە جاری ئازاد بکری بەمەرجێك هەموو هەفتەیەك ڕاپۆرتیك بداتە پۆلیس و لە گۆڕینی ئەدرەسەکەی ئاگاداریان بکاتەوە.

کاکیلۆ، ڕاستەوخۆ دوای هاتنەدەرەوەی لەزیندان، هەر لە لەندەن لە شەقامی جێرمین ژیاوەو لەناوەڕاستی مارتی ١٩٢٤ بە هێنری وتووە، کە نیازی هەیە لەندەن بەرەو ئەستەمبوڵ جێبهێڵێت. ئیدی ئەوە دواجاری بووە ئەو میرە فرە جێنتڵمانە لەلەندەندا ببینێت.

وەك هێنری دەڵێت، کاکیلۆ کاتێك لە ئەمریکاوە چۆتە فەرەنساو دواتریش بریتانیا، پاسپۆرتیکی فەرنسییی پێ بووە کەلەلایەن کۆنسوڵی گشتیی فەرەنسیی لەنیۆرکەوە دەرکراوە، ئەو شوێنەی جێی ناوەکەی بوو، شێوێنرابوو، گوایە بەرێکەوت بەهۆی جگەرەکەیەوە وای لێهاتووە. " ئەو لەلەندەن پاسپۆرتیکی تورکیی دەستکەوت، چۆن، نازانم! زۆر ئەستەم بوو بزانرێ چۆن میر ئەم کارانە دەکات..ئەو بە چەند وشەیەکی وەك (پاسپۆرتی دیپلۆماتیك) پاسپۆرتەکەی ڕازاندبۆوەو لێیدا بەرەو ئەستەمبوڵ..

ئەو لەسەرەتای ١٩٢٤دا، لەئەستەمبوڵەوە گەیشتبووە ئەسینا و خۆی وەك میری کوردستان ناساندبوو، لەراستییدا کەمتر ساختەکارانێك هەن، ئەگەر هەر هەشبن، کە هاوشێوەی ئەم پیاوە بەویقارو گیانیکی ساختەکارانەی بەرزەوە توانیبێتی تەواوی جیهان بخەڵەتێنێت.!

شتێکی دروست سەبارەت بە باوان و قۆناغی ژیانی منداڵیی
ئەم میرە دەست نەکەوتووە بەڵام زانراوە کە پێشتر لە لەندەن
ئوتوچی بووە...بڕواش هەیە کە تورك بێت، بەڵام هێند
رومانسیی روخسارە تووشی شۆك نابم گەر ببیستم کە
لەراستییدا بوترێ ئەسکیمۆییە!!

دواتر، هێنری، دێتە سەرباسی پەیوەندی کاکیلۆ
بەدەسەڵاتداران و تیکەڵاویی لەگەڵیان و چوونی کاکیلۆ بۆ
کۆشکی سپی دەگێڕێتەوە، لەگەڵ شابانو فاتیمەدا، هێنری
دەڵێت، :" ئەو بە ئێمەی وت کە لەساڵی ١٨٩٦دا، لە
کوردستان لەدایك بووە. بڕوا وایە کە پێش کۆتایی جەنگ،
لەگەڵ خانمێکی ئەمەریکیی لەپاریس هاوسەرگیریی کردبێت
و لەدەروبەری ١٩١٨دا، لەگەڵی چوو بێت بۆ وڵاتە
یەکگرتووەکانی ئەمەریکا."

دواتر کاکیلۆ لەکۆتایی ١٩٢٢دا، بەسواری کەشتی
(ئۆلەمپیك) چۆتە فەرەنسا و وتویەتی کە دەچێتە لۆزان
بۆئەوەی لە کۆنفرانسی رۆژهەڵاتی نزیکدا سەبارەت بە
سەپاندنی ماندێتی بریتانیا بەسەر کوردستاندا بەشداریی بکات.
وەك کاکیلۆ لێکدانەوەی بۆ کردووە، (تورکە پیلانگێرەکان)
کارەکەیان لەپاریس لێتێکداوەو وایان کردووە لەوی قۆڵبەست
بکرێت و دواتریش ناچار بێت روو لەلەندەن بکات.

هەواڵی ئەوەش هەبوو، لەکاتێکدا کاکیلۆ بەشەو لەبەری
رۆژئاوای لەندەن وەك میری کوردستان شەوانی سوری
بەڕێدەکرد، بەڕۆژ لەبەری رۆژهەڵات کاری ئوتوچییەتی
دەکرد.!

سەفەرەکەی بەرەو ئەستەمبوڵ بەشتێکی سەرسوڕهێنەر
کۆتایی هات کاتێك لە ئەمەریکاوە بەناوی "میری



رۆژهەڵات"ەوە ،سەری دەرهێنا، وتبوی کە هاتۆتە ئەمەریکا
بەنیازی بینینی میستەر هۆگوسی وەزیری دەرەوەی وڵاتە
یەکگرتووەکان کە زۆر هاوڕێیەکی خۆشەویستە. دواتر
پۆلیس کاکیلۆیان قۆڵبەست کردو رەوانەی زیندانیان کرد،
ئنجا هەوڵی سنورداشکردنەوەی درا، بەڵام چونکە پەیوەندیی
لەنێوان ئەمەریکاو کوردستاندا نەبوو، نەتوانرا بنێردرێتەوە
کوردستان.

پاش ئەوەی کاکیلۆ(میری کوردستان) رەوانەی زیندانی
سینگ-سینگ کرا، لە ٢ی مایۆی ١٩٢٥دا بەکەشتییەکی
فەرەنسی سنورداشی فەرەنسا کرایەوە، فەرنسا پێشوازییان لێ
نەکرد، بەڵام رێگەیان پێدا تەنیا بۆ یەك رۆژ و نەك زیاتر، لە
سەر خاکی فەرەنسا، بمێنیتەوە. ئەویش بە پێکەنینێکەوە،
پەسەندی کردووەو وتویەتی کە دەچێتە لەندەن و لەوێشەوە
دەڕوات بۆ بەیروت، بەڵام مەترسیی خۆی لە حکومەتی
ئەنکەرە دەربڕیوە.

پاش ئەوە، لەکۆتایی ١٩٢٥دا، میر لە بەرلین بەپۆشاکی
گروپی مۆزیکژەنی سوپایی، بە نیشانەگەلیکی رەنگاورەنگەوە
دەرکەوتووەو ویستویەتی پارەیەکی زۆر لەبانکێك
بکێشێتەوەو بەو هۆیەشەوە گیراوەو ساڵێك زیندانی بۆ
براوەتەوە.

دواتر لە ڤیەننا گیراوەو ئنجا لە بەلگراد و پاشان لە
ئەمستەردام. پۆلیسی ئەمستەردام بردوویانە لەسەر سنوری
بەلجیکا فڕێیان داوە، ئەویش لە بەلچیکاوە خۆی کردۆتەوە بە
فەرەنسادا.

هێنری ، پاش ئەوەی باسی هەڵخەڵەتاندنی ژنان دەکات
لەلایەن کاکیلۆوەو چۆن بلۆفی لێداون و پارەی لێوەرگرتوون،



# Trouser Presser Who Duped the World

By JACK HENRY,
*Ex-Divisional Detective Inspector of Scotland Yard*

Among the Top-hatted Crooks of Mayfair

*The Adventures of Inspector Henry*

HIS Royal Highness the Emir of Kurdistan, Ambassador Most Extraordinary, descendant of Haroun al Raschid of Bagdad, from the crown of his polished top hat to the soles of his equally shining, perfectly fitting shoes was a gentleman.

I have never escorted a more charming man to Bow-street in all my life.

He doffed his silk hat, and, bowing low, said, "Thank you so much, Mr. Henry. I realise that it is not your fault, but that of these foolish, idiotic hotel people. How they can make these childish mistakes I cannot imagine."

...

## Perfect Act

WE went to the Hyde Park Hotel and interviewed his Royal Highness. The Prince staged a magnificent show. He snapped his fingers and protested against the suspicious petty-minded behaviour of the hotel.

Was it not an honour for them to have as a guest his Royal Highness, Prince of Kurdistan, diplomat and millionaire, friend of kings and presidents?

He played his part to perfection. Were not millions of pounds on their way to him from Kurdistan?

...

Facts which the Prince disclosed about the country showed that he had an intimate knowledge of it. He spoke Kurdish, Turkish, and English, and seemed so genuine that we were afraid of making a ghastly bloomer if we arrested him.

## Little Doubts

ONE fact led us to make up our minds. If he was a prince he ought to be able to pay his bills, while, in fact, his Royal Highness appeared to be very short of funds. We arrested him and took him to Bow-street.

...

Inquiries by Detective-Inspector Hill brought relief to our minds. We discovered that the Prince's real name was Yendechino Mohamed Saidi Kakelo, and that only recently he had been sentenced to a term of imprisonment, and expelled from France, for fraud.

## Six Months

THROUGHOUT his trial at the London Sessions he maintained an attitude of injured innocence. In the witness-box, he declared, "My ancestors were the Pharaohs. I came here on a special mission to the British Government."

He said that he had had interviews with Lord Curzon's secretary about a scheme for the revival of the monarchy of Kurdistan. Asked how he proposed to pay his debts, the Prince replied, "Her Royal Highness, my wife, has sent me the money."

...

port Diplomatique." Early in 1924 he arrived in Athens from Constantinople, describing himself as the Emir of Kurdistan.

Few imposters, if, indeed, any, can equal this charming and accomplished fraud, who at one time or another has duped the whole world.

Of his parentage and childhood nothing definite has ever been discovered, but it is known that he was at one time a trouser-presser in the East End of London, and that he had been employed in a similar capacity in America.

He is believed to be a Turk, but he is such an accomplished romancer that I would not be surprised to hear that he was actually an Eskimo.

## Meet Fatima

...

*Inspector Henry*

...

He told us that he was born in Kurdistan in 1896. Before the end of the war it is believed he was married to an American in Paris. About 1918 he went with her to the United States.

Next news of the Prince of Impostors came from Washington, where, in 1921, he arrived, travelling as the major-domo of a lady whom he described as the Princess Fatima, a magnificent creature, who wore a large diamond in her nose.

...

## Now Unshaven

## Back to France

## Women Dupes

## Grand Title

Sunlight
EVERY HOME IT ENTERS
SUNLIGHT FLAKES

دەڵێت کە کاکیلۆ زۆرجار هەر بەناوی محەمەد سەعید بەگەوە یان میر زەردەشینۆ خۆی ناساندووە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٧ەوە، بەپۆشاکێکی سەربازی تورکییەوە لەنیس لەفەرەنسا دەرکەوتووە، بەجۆرێك خۆی رازاندۆتەوەو کۆمەڵێك نیشان و مەدالیای لەسنگی داوە، پاشتر پۆلیس قۆڵبەستیان کردووەو لەژورەکەیدا جۆرەها مۆرو کاغەزو نامەی جۆراوجۆریان دۆزیوەتەوە کە بۆ ساختەکاری پاسپۆرت و شوناسە جیاوازەکانی بەکاری هێناون و چەندین نامەی هاوڕێکانی کە سەر بە هەموو نەتەوە جۆربەجۆرەکان بوون.

هێنری لەکۆتایی بابەتەکەیدا، سەرنجێکی زۆر گرنگ لەبارەی کاکیلۆوە پێشکەش دەکات و دەڵێت: بەدرێژایی تەواوی ژیانی لێکۆڵەرەوەییم، کەسێکم هاوشێوەی ئەم ساختەکارە نەبینوە، لەویقارو رێزداری و شێوازی کارو مامەڵەکردنی، خاوەنشکۆ میری کوردستان زیاتر دەوڵەمەندەکانی دەخەڵەتاند.!

## کاکیلۆ (میری کوردستان) لەگەرمەی دووەمین جەنگی جیهانییدا لەئەمەریکا هەرا دەنێتەوە

لەکاتێکدا تەواوی ئەوروپاو جیهان غەرقی مەزنترین جەنگی جیهانیی وێرانکەربوو، سوپای نازییەکان و بەرەی ناوەند لەسەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر هەنگاوی خێرای دەناو هەوالەکانی ئەم جەنگەش تەواوی رۆژنامەکانی جیهان و ئەوروپای تەنیبوو، رۆژنامەی ( THE AMERICAN WEEKLY) ی ئەمەریکیی، لە بەرواری ٦ی سێپتەمبەری ١٩٤٢دا، بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە، لەژێر ناونیشانی "ئەمیری شەرق دیسانەوە گلاوەتە کێشەوە".

رۆژنامەکە هەواڵی تێوەگلانی کاکیلۆ بڵاودەکاتەوە لەکێشەیەکی کۆمەڵایەتیی و سەرەتا ئەو ناونیشانانە تۆماردەکات کە کاکیلۆ وەك : کورە ئازاکەی پەیامبەر، محەمەد رەشید، میری کوردستان، ئەمیری شەرەق..!

پاشتر باس لە رووداوێك دەکات، گوایە پیاوێك بەناوی (جێمس.سی هێندی) کە پاریزانی هۆکیشە، لەکاتی گەیاندنەوەی کۆنەژنیکیدا بەناوی (خاتوو ئیرین)، لەگۆشەی شەقامەکەی نیۆرك تووشی میری کوردستان بوون، ئەویش بە گۆچانەی هێرشی کردۆتە سەر هێندی و بەبۆکس تێی بەربووە، هینری هەرچەندە یاریزانی هۆکیش بووە چونکە داری پی نەبووە نەیتوانیوە هیچ لە کاکیلۆ بکات و دواجار پۆلیسێك بە ماتۆڕسکیلەوە بەوێدا تێپەڕیوەو ئەو سی نەفەرەی هیناوەتە بنکەو دادگا.

لێرەوە بەزمی کاکیلۆو هەڵدانەوەی لاپەڕەی پەیوەندییە سۆزدارییەکانی پێشووی کەوتۆتەوە بەرباس و کایلۆ



لەدادگاکەدا وەك موسوڵمانێکی نەریتیی دەرکەوتووە، کاتێك پرسیاری ئەوەی لێکراوە کە بۆچی پەلاماری ئەو پیاوەی داوەو ئەویش جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەوژنە بەشێوەیەکی شەرعی هاوسەری ژنێتیو بەفەرمیی لێی جیانەبۆتەوە، کاتێك ئەو پیاوەی لەگەڵ بینوە خوێنی کوڵاوەو پەلاماری داوە!

کاکیلۆ وتویەتی :" ئەو ژنە بەمنی وتوە من خۆشەویستی خۆمم داوە بەتۆ، منیش پێم وتوە منیش خۆشەویستی خۆم داوە بەتۆ، دواجار ئەوەم لەسەر کتێبە پیرۆزەکەمان (واتە قورئان) نووسیوەو بەوەش هیچ کەس نییە بتوانیت لێکمان جیاکاتەوە"

ئنجا سەیرێکی میستەر هیندی کردووەو وتویەتی:

"من بەپێیی شەرعی موحەمەدی مافی کوشتنی ئەمەم هەیە"

دواتر هەڵدانەوەی لاپەرەکانی پێشووی ژیانی کاکیلۆ دیتەپێشەوەو باسی پەیوەندی کاکیلۆو (کیتی سپیگلی) دەکرێ کە چۆن دواتر بەشێوەیەکی گوماناویی دیارنەماوە. ئنجا باس لە خانمێکی دیکە دەکرێ بەناوی (کای دیشۆن) کە لەدادگاکەدا رایگەیاندووە کە ژنی کاکیلۆیە، بەڵام کاکیلۆ رایگەیاندووە کە ئەو خانمە سکرتێرەی بووەو دوایی خۆشی دانی بەوەدا ناوە، بەڵام وتویەتی کە پەیوەندیی ئەفلاتونیان لەنێواندا بووە!!.

ئەم بەزمەی کاکیلۆ، قازی (ئەنتۆنی .پ ساڤرێس) ی بێزارکردووەو هەر سەری باداوەو دواجار بڕیاری دواخستنی دانشتنەکەی داوە بۆ سبەی.

پاشتر لەدادگا،دیسان قسە لەپەیوەندییە سۆزدارییەکانی (میری کوردستان) کراوەتەوە، لەگەل خاتوو (ماکسین سترنسریچەر کەڵڤەر).

هەروەها گوایە لەسەر گەڵای گوڵە لاڤیندەر نامەیەکی سۆزداری بۆ خاتوو ئیرن نووسیوەو باسی لەوە کردووە، زۆری خۆش دەوێ و بێ ئەو تەنیایەو ژیان و خەون و خۆراکی نابێ!!

میری کوردستان دەڵێت گوایە ئەو تەعبیرە ناسکەی لەدرامایەکی خۆیەوە وەرگرتووە کە پێشتر بەناوی " مانگەکەی عێراقەوە" بڵاویکردۆتەوە!!

گرنگی هەواڵی ئەم رۆژنامەیە ئەوەیە لەدوادوای گێرانەوەی رووداوەکان و لێکدانەوەکانی سەبارەت بە کاکیلۆ، دەڵێت کە سێ قوتابخانەو دیدی جیاواز هەن سەبارەت بە ریشەی محەمەد رەشید (کاکیلۆ):

یەکەمیان پێی وایە کە لە تورکیا، لەبنەماڵەیەکی نەناسراو- بەڵام بەدڵنیاییەوە خانەدان، لەداکیبووە. ئەو لەدەوربەری ساڵی ١٩١٠دا، واتە لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا، هاتۆتە ئەم وڵاتە بێئەوەی بێ پشتگیریی فەرمیی بەڕێوەبەراییەتی کۆچ...

دووەم، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناوبراو هەر لەبنەڕەتەوە لە لەندەن بووەو کاری ئتوکردنی پانتۆڵی کردووە بەناوی (جەی ئەی بانسۆ) ، ئەو بۆ دەرکەوتن ئیدیعای ئەوەی کردووە کە میری کوردستانە، لەوەشدا سوودی لەو راستییە وەرگرتووە کە کوردستان هەرێمێکە لە دەوڵەتی ئێران و حوکمڕانی سەربەخۆی نییەو ئەوەندەش دوورە خەڵك درك بەراستیی ئیدیعاکەی ناکات وەك میری کوردستان.

سێیەمینیان ئەوەیە کە خۆی گێڕاوێتیەوە، ئەوەش بەگوێرەی ساڵەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە ئەو لەساڵی ١٩٢١دا، لەواشنتۆن دی سی دەرکەوت و ناوی خۆی نابوو زەردیشێنۆ محەمەد سەعید میری کوردستان و نەوەی



فەرمانرەوایانی میسر، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بوو دواتر لەلایەن کۆشکی سپییەوە بانگێشتکراو لەلایەن سەرۆك هاردینگەوە پێشوازیی لیکرا، دواتریش هەر بەم ناوەوە بوو دادگای پاریس لێکۆڵینەوەی لێکردو کەیسی بۆ کردەوە.

لەساڵی ١٩٢٤دا، ناوبراو لەم وڵاتە سنورداشکرایەوە بۆ لەندەن لەو سۆنگەیەوە کە میری کوردستان نییەو ئەو ناوە شتیکە بۆخۆی ئیدیعای کردووە، ئەو تەنیا بێگانەیەکە کە بێ ڤیزەو رێپێدان لەم وڵاتە بووە.

ئەو ساڵی دواتر گەڕایەوەو هەر ناوی ئەمیری لەخۆی نابوو، لێرەشەوە بەرەو تورکیا دوورخرایەوە. دوای بەزم و رەزمیك کە لەپاریس بەسەری هاتبوو، کە لەوێش خۆی بە ئەندامی بنەماڵەیەکی شاهانە ناساندبوو، دیسانەوە بەناوی محەمەد پاشا گەڕایەوەو ئەمجارەیان خۆی بە ئەفسەریکی فەرەنسی بەرەگەز سوریی ناساندووە. کاتێك وسترا رەوانەی سوریا بکریتەوە، یەکسەر ئەو ئیدعاکۆنەی وازلێهیناو دانی بەوەدا نا کە ئەو لە بنەڕەتەوە لە دایك و باوکێکی خانەدانی تورکیی هاتۆتەدنیاوەو لەم وڵاتەش لەشاری (دترۆیت) لەدایکبووە، بەڵام هەرچۆنیك بێ هەر سنووورداشکرایەوە!

دوای مانگێك هەمدیسان پەیابۆوەو ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ محەمەد رەشید، ئەو جەختی لەوە کردۆتەوە کە نادادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، چونکە ئەو لەبنەرەتدا لەدایکبووی دیتریۆیتە، لەوە دەچێ ئەم داوایەی پیداچوونەوەی بۆکرابێت...

ئەمێستا بەڕیوبەرانی کۆچ لەدۆخێکی وەك ئەمڕۆدا نازانن کوێ هەڵبژرێن کە ئەم کابرایەی بۆ بنێرن، لەوانەیە باشووری ئەمەریکا ئەمجارەیان شوینێکی گونجاو بێ!!!!!!



# The "Quince Prince" in the Jam Again

## Mohammed Al Rashid, of the Many Aliases and the Arabian Nights Career, Courts His Way Into Court, Along With a Mystic Bride, Her Detachable Husband and a Collapsible Social Secretary

While He Was Conveying His Ex-Wife Home, Said Mr. Hendy, the Prince Caught Up With Them and Leapt to the Attack. Then a Motorcycle Cop Appeared and Conveyed the Whole Crew to Court.

By CHARLES ROBBINS.

THAT bold Son of The Prophet, Mohammed al Rashid, alias the Emir of Kurdestan, alias Prince Zerdecheno, sometimes called "The Quince Prince" because of the alleged sources of all his titles, has landed in the jam again.

"I Am the Princess Kaye Dieben Al Rashid!" Cried This Lady, Electrifying the Court, But Then She Admitted That She Was Just the Prince's Secretary.

Mohammed Al Rashid, Alias Prince Zerdecheno, or "The Prince," Taking a Pensive Gander at a Picture of His Latest Jam.

Mohammed in His Working Clothes, Back in the Days When He Was Wooing Society as the Emir of Kurdestan.

Irene Hendy, the Attractive Redheaded Model, Who Played the Part of Sugar in the Prince's Jam.

September 6, 1942 — © 1942, by American Weekly, Inc. Great Britain Rights Reserved. — THE AMERICAN WEEKLY 3




HISTORICIMAGES

خاتوو خاتوو (ماکسین سترنسریچەر کەڵڤەر)